# تاوێکیش لەگەڵ سەرنجەکانی کاك فایزی مەلا بەکر لەمەڕ دیوانی حاجی قادری کۆیی

محمدی مەلا کریم

بۆ ڕاستکردنەوەی تەواوی دیوانی شیعری حاجی قادری کۆیی پێویستی‌یەکی زۆرمان بەوە هەیە هەموو ئەوانەی خۆیان بە ئاگادارو شارەزای شیعری ئەم شاعیرە مەزنەی گەلی کورد ئەزانن ، دەربارەی دیوانەکەی کە ساڵی ڕابوردوو بڵاوکرایەوە(۱) بێنە مەیدانی نووسین‌و ڕادەبڕینەوە ، بەڵکو بەوە بەشێکی‌تر لەو کەم‌و کووڕی‌یانەی لە شیعرەکانیا ماون‌و لە دیوانەکەدا ڕاست‌نەکراونەتەوە یا بەتەواوی ڕاست‌نەکراونەتەوە – ڕاست‌بکرێنەوەو ، بە مەیش کەمێك لەو قەرزە گەورەیەی ئەم کەڵەمێردەی گەلی کورد بەسەر هەموو ژیانی ڕۆشنبیری کوردیەوە هەیە ، بدرێتەوەو ، گەلیش باشترو زۆرتر کەڵك لەو بیروباوەڕانەی وەربگرێ کە ئەوی نەمر لە جەرگەی شەوەزەنگی کوردستانا خستوونیەتە دووتوێی شیعرەکانیەوە

بەڵام ، بەداخەوە ، تائیستا کە ئەوەتا بۆ نزیکەی ساڵێك ئەچێ دیوانی شاعیری ناوبراو بڵاوکراوەتەوە ، جگە لە سێ برادەر ، واتە جگە لە کاك عەبدوڕڕەززاق بیمارو(۲) مامۆستا مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی‌و(۳) کاك فایزی مەلا بەکر(۴) کەسی‌تر نەهاتە مەیدانەوەو ، شتێکمان نەدی بڵاوبکرێتەوە . جا نازانم کەسی‌تر نی‌یە شارەزای ئەم مەیدانە بێ یا بەیازێکی کۆنی لابێ شیعری حاجی قادری تیا نووسرابێتەوە ، یا هەیە بەڵام تاقەت‌و ئارەزووی بەشداری‌یان نی‌یەو ، بەسەر ئەو دەسنووسانەدا لایانە پاڵیان‌داوەتەوەو نیازیان نی‌یە بێڵن تیشکی ڕووناکی‌یان بگاتێ‌و

کەس پێ یانبینێ .

من ، کە هەر بە مەبەستی ڕاستکردنەوەی شیعری حاجی نەرووی ئەو سەرچاوانەی لە ژێردەستمان ، ئەرکی ڕ ستکردنەوەی پرۆڤەکانی چاپەکەم گرتە ئەستۆی خۆمو وائەزانم بەو کارە خزمەتێکی شایانم بە حاجیو بە شیعری حاجیو بە گەلی کوردو بە ئەدەبی کورد پێشکەش‌کرد ، هەر بەو مەبەستەیش بە دەست‌تێ‌وەردانەکەی مامۆستایان بەهارو ڕۆژبەیانیدا چوومەوە(*) . لە هەرکوێ‌یەکا لام‌وابوو بۆی‌نەچوون ، بە بۆچوونی خۆم بۆم ڕاست‌کردنەوەو داکۆکیم لە کارەکەی خۆمو لە تێکستی لەچاپدراوی دیوانەکە کرد .

وائیستا بە وتارەکەی کاک فایزیشدا ئەچمەوەو سەرنجی خۆمی لەبارەوە دەرئەبڕمو ، دیسانەوە هیوای خۆم ئەدەمەوە بەگوێی خوێندەوارانی ئازیزا ، ئەوانەیان بەڕاستی تامو چێژی شیعری حاجی ئەکەنو ئاگاداری‌یەکیان لێ هەیە یا دەسنووسێکی کۆنیان لایە شیعری ئەوی تیابێ ، بیروڕای خۆیان بنووسنو سەرچاوەکانیان بخەنەڕوو ، بەڵکو تا ڕۆژێ زووتر بتوانین کتێبخانەی کوردی بە نوسخەیەکی ڕاستو دروستی دیوانی شیعری حاجی بڕازێنینەوە .

* * *

کاک فایز لە سەرەتای وتارەکەیدا شیعرێکی حاجی ، نەك بۆ ڕاستکردنەوە ، بەڵکو بۆ کردنی بە پاڵپشت بۆ بۆچوونێکی خۆی ، هێناوەتەوە . شیعرەکە ئەمەیە :

**ئەوی حەسوودو جەهوولن ، لەئیمو ڕەخنەگرن**
**لە عەیبو ڕەخنەیی عالیم بەری دەبن ئودەبا**

و بەرانبەر بە وشەی (عالیم) – کە بە (عالم)ی نووسیوە – نووسیویە «عالەم !» .

ئەوەی لەئاست ئەمەدا ئەمەوێ بیڵێم ئەوەیە ئەبوو کاك فایز ، هەروەك لە دیوانەکەدا ، (عالیم)ی بنووسیایە ، چونکە کە کردی بە (عالم) لەوانەبوو بە (عالیم)یش‌و بە (عالەم)یش بخوێنرێتەوەو ، کە نووسیشی (عالەم) ، ڕێگای دوو ئیحتیماڵەکەی بڕیو تەنها ئیحتیمالی (عالەم)ی هێشتەوەو ، بەوە بەتەواوی کەوتە هەڵەوە ، چونکە ئودەبا لە ڕەخنەی عالەم واتە ڕەشەخەڵك بەری نابن ، لە ڕەخنەی (عالیم) بەری ئەبن ، لەبەرئەوە کە لەناو تێکرای خەڵکا ڕەخنەگری لەخۆوەدوو زۆرن ، بەڵام کەسێ بەڕاستی (عالیم) بێ ڕەخنە لە ئەدیبێ ناگرێ بەڕاستی ئەدیب بێ . لێرەدا ئەبێ بۆ ڕوونکردنەوەی پتری مەبەستی بەیتەکە ئەوەیش بڵێین کە مەبەستی حاجی لە ڕەخنە ڕەخنەی ئەدەبی نی‌یە ، قسەی تاڵو سوێرو ناهەق پێ‌وتنە ، ئەگینا ڕەخنەی ئەدەبی کارێکی بەجێ‌یەو لەمێژە لەناو زانایانا قەدری شایانی خۆی دراوەتێ .

لەبارەی بەیتی :

**گوڕەی بەهاریە ئێستێکە شاخو داخی وڵات**
**پــڕە لە لالەوو نەســرینو نەرگسی شەهلا**

(ب ۲ ، ل ۳۱)یشەوە ، نووسیویە : «(گوڕەی بەهاری‌یە ئێستێکە)ی چاپی سێ‌یەمی گیو موکریانی باشترە ، چونکە لە شێوە ئاخاوتنی کۆیەی سەردەمی حاجیو موکریان کە ماوەیەکی زۆری لێ ماوەتەوەو هەڵبەت کاری کردووەتە سەر زمانی شیعرو ئاخاوتنی – نزیکترە . لەبارەی ئیقاعیشەوە (بەهاریە) وەك ئەوە وایە لە بانێکی چەند قاتی بکەویتە خوارەوە» .

منیش ئەڵێم : ئەو تێکستەی کاك فایز پێشنیاری ئەکاو ، مامۆستای خوالێ‌خۆش‌بوو گیو موکریانی‌یش لە چاپە سێهەمەکەیا چەسپاندوویە ، نیوە بەیتەکە بەتەواوی لەنگ ئەکاو ، من سەرسامم کاك فایزێ ئەوەندە گوێچکەی بە مۆسیقا ئاشنا بێ باسی (ئیقاع) بکا ، چۆن هەستی بەوە نەکردووە کە ئەگەر (بەهاریە) ئەوەندە لەسەر گوێ گران بێ وەك لە بانێکی چەند قاتی‌یەوە بتخەنەخوار ، (بەهاری‌یە) لەپێشا بە پلەکانەیشدا سەرت‌ئەخا بۆ سەربانەکەو هەناسەت لێ ئەبڕێ !

ئەنجا ئەگەر (گورەی بەهاریٚیە) بیٚ ، وەك كاك فا ئەڵیٚ ، ئەبیٚ بووتریٚ (گورەی بەهاریٚیەتی) كە دیارە چەند شیعرەكەی زیاتر پیٚ لەنگ ئەبیٚ ، چونكە دیارە شاخ‌وداخی ولاٚت (گورەی بەهاریٚ نی‌یە) ، (لە گورەی بەهاریٚدایە) ، وەك چۆن (گورەی بەهاریە)یش ئەم مەعنایە ئەبەخشیٚ ، واتە شاخ‌وداخی ولاٚت ئیٚستا گورەی بەهاریەتی‌و لە ناوجەرگەی وەرزی بەهاردایە .

لەمەیش بەولاوە نازانم كاك فایز پشت بە چ بەڵگەیەك ئەتوانیٚ شیٚوە ئاخاوتنی ئیٚستاو سەردەمی حاجی قادری خەڵكی كۆیە لەیەك جویٚبكاتەوە ؟ كام موختەبەری دەنگ شیٚوە ئاخاوتنی خەڵكی ئەو سەردەمەی شویٚنیٚكی كوردستانی بۆ خستووینەتە سەر شریت تا ئیٚستا لەگەڵ شیٚوە ئاخاوتنی ئەمرۆی ئەو شویٚنەیدا بەراورد بكەین‌و جیاوازی‌یانمان بۆ دەربكەویٚ ؟ راست ئەوەبوو بڵیٚ : لەگەڵ شیٚوە ئاخاوتنی خەڵكی كۆیە یەكەو ، كەواتە لە سەردەمی حاجی‌یشدا هەر وایان‌وتووە .

لەبارەی بەیتی :

**لە كیٚــــوو كەژ كە سەرئیٚوارە دیٚتەوە مالاٚت**

**لە دەوری چادری صاحیٚبی مەوجی‌دا ، وەستا**

(ب ١ ، ل ٣٤)یشەوە ، نووسیویە : «ئەگەر پەراویٚزی ژمارە (٣٧)ی سەر نیوە دیٚری یەكەم نەبوایە ، ئەم تیٚبینی‌یە نەدەبوو ، چونكە بەر لە خویٚندنەوەی پەراویٚزەكە وای بۆچووبووم كە لەنیٚوان (كەسەر)و (ئیٚوارە)دا كۆمایٚك هەیەو دانەندراوە . دیارە دیاردەی بایەخ‌نەدان بە دانانی كۆمایش ، نەك هەر بەس لەم دیوانە ، بەڵكو لە زوربەی چاپەمەنیی كوردیدا – بەرچاو دەكەویٚ . بەلاٚم كە پەراویٚزەكەم خویٚندەوەو گەرامەوە بۆ (كاروان)ی ژمارە (٧)و رای مامۆستا مسعود محمد كە نووسیویە : «دەبیٚ بگوتریٚ : لە كیٚوو كەژكە سەرئیٚوارە دیٚتەوە مالاٚت ، لەمەشدا پیٚویستە (سەریٚوارە) بخویٚندریٚتەوە دەنا كیٚشی تەنبەڵ دەبیٚ» گەیشتمە ئەو قەناعەتەی كە دەقەكە لە



قەناعەتێکی تەواو قایم بە مانای (سەرلەئێوارە . .) تۆمارکراوە . جا ئەگەر ڕێگام بدرێ وام پێ خۆشە نیو دێڕەکە بەمجۆرە بنووسرێت : «لە کێوو کەژ کەسەر ، ئێوارە دێتەوە مالآت» واتە : با کێوو کەژکەسەرو خەمو پەژارە دایبگرێ ، کە ئێوارێ مەڕو مالآت دێتەوە دەوری چادری صاحێبیو ، ئەم جوانی‌یەی .

**لە ژووری مێگەلی هەورە . لە ژێری مێگەلی مەڕ**
**شـــەبیهی گولشەنی خەضرایە . توودەیی غەبرا**

– **کە بەیتی پێش نیوەدێڕەکەیە** – لەدەستدەچێ . وابزانم (کە سەرئێوارە . .) لەگەلّ (بەلاغەتێکی هەیە هیچ زمانێ نایگاتێ)یشدا ناگونجێ . (سەرئێوارە) لەجیاتیی (سەرلەئێوارە) نەبیستراوە . ئەگەربیسترابێتیش کەمە . ئەمە سەرەڕای کەمبوونەوەی مەهارەتی حاجی ، چونکە (لە کێوو کەژ کە سەرئێوارە دێتەوە مالآت) بەمانای هاتنەوەی سەرلەئێوارەی مەر لە کێوو کەژ قسەیێکی ئاسایی‌یەو ، وەستایی حاجی بەس لە[٦] (لە دەوری چادری صاحێبی مەوجی‌دا ، وەستا) دەمێنێتەوە» .

منیش ئەلّێم : پێشەکی بەتەواوی لەگەلّ کاك فایز هاودەنگم لە مەیدانی پێویسیی بایەخدانا بە دانانی کۆماو نوختەو کەوانو کەوانۆلکەو هەموو نیشانەکانی خالّبەندی لەجێی خۆیاناو ، پێ‌ناخۆش‌بوونی خۆم دەرئەبڕم لەوە کە زۆرتری بنووسانی کورد پێڕەوی ڕاستی خالّبەندی نازانن‌و زۆریان هەر گوێی نادەنی‌و زۆرتریشیان بەهەلّە جی‌بەجێی ئەکەن . خالّبەندیی ڕاست دەورێکی گەورەی لە بەڕاست خوێندنەوەی تێکستدا هەیەو ئەرکێکی زۆری لە مەعنای ڕستە گەیشتن لەئەستۆی بخوێنەوە (قارئ) ئەکاتەوە . بەلآم ئەوەی کە ئەو بۆی‌چووە گوایە (کە سەرئێوارە = کە سەرێوارە) هەلّە بی‌و ڕاستەکەی (کەسەر)و (ئێوارە) بێ ، بۆچوونێکی بەتەواوی ناڕاست‌و دروستەو بە هیچ حالّێ نیمچە ڕستەی (لە کێوو کەژ کەسەر) مەعنای (با کێوو کەژکەسەرو خەمو پەژارە دای‌بگرێ) ناگەیەنی‌و لەوە زیاتری لێ هەلّناکرێنرێ کە (لە کێوو کەژ کەسەر)و خەبەری موبتەداکە – یا موبتەدای پاشکەوتووی خەبەرە پێشکەوتووەکە – دیار نی‌یەو نازانرێ ئاخۆ (هەیە)یە یا (نی‌یە)یەو ، کەژو کێو بە هیچ کلۆجێ ڕێی تێ‌ناچێ کەسەر دای‌بگرێ ، ئەویش لەبەرچی ، لەبەر گەڕانەوەی ئێوارانی ڕۆژانەی مەڕو مالآت بۆ مالّی خاوەنی ! ڕاستی‌و دروستیی وتنی خەمو پەژارەو کەسەر داگرتنی کەژو کێو مەگەر کاتێ ڕەوا بێ کە شتەکە کینایە بێ لە حالّەتی ڕوودانی کارەساتێکی گەورەی وەك داگیرکرانی ولآت‌و دەرکردنی گەل لە شوێن‌و ماوی خۆی‌و ، ئەوەیش بە هیچ جۆرێ بە گەڕانەوەی مەڕو مالآت لە لەوەڕگەوە بۆ مالّ نایەتەدی‌و ، هیچ پێوەندی‌یەکیش لەنێوان کەسەری کەژو کێوو گەڕانەوەی ئێوارانی مەڕو مالآت بۆ ناو ئاوایی‌و مۆلّ‌دانی لەدەوری دەواری خاوەنیا – نی‌یە ، بەلّکو ئەو گەڕانەوەیە مایەی خۆشی‌یە چونکە شیرو ماست‌و ڕۆن‌و پەنیرو کارو بەرخی بەدەمەوەیە بۆ خاوەنی‌و بۆ خەلّك‌و نیشانەی ئاوەدانیی دەوارە . ئیتر کەسەری چی‌و خەمو پەژارە لەکوێ ؟

بەلّێ ، من لەگەلّ کاك فایزو لەگەلّ کەسانی‌تریشم کە (سەرئێوارە)یان لەجیاتیی (سەر لە ئێوارە) لەسەر زمان قورسە ، بەلآم لە هەموو حالّێکا شتێك هەیە پێی‌ئەلّێن (زەروورەتی شیعر)و ئەویش حوکمی خۆی هەیەو ، هیچ ئەوەیش ناسەلمێنم کە بوونی ئەم وتەیە لە شیعری حاجیدا مەهارەتی شیعروتنی کەم ئەکاتەوە ، هەرچەند کەمبوونەوەی مەهارەتی شاعیرێك لە بەیتە شیعرێکیاو تەنانەت لە پارچە شیعرێکیشیا هیچ شوورەیی نی‌یە بۆی‌و نیشانەی بێ‌دەسەلآت کەوتنی نی‌یە . وەك ئەوەیش ناسەلمێنم کە وتنی (سەرلەئێوارە گەڕانەوەی مەڕو مالآت) قسەیێکی عادەتی‌یەو ئەگەر حاجی وای‌وتبێ وەستایی‌یەکەی تەنها لەوەدا ئەمێنێتەوە کە وتوویە :

(لەدەوری چادری صاحێبی مەوجی‌دا ، وەستا) چونکە ئەم نیوبەیتە دووەمە تەواوکەری نیوبەیتی یەکەمەو بە هەردوکیان مەعناکە تەواوئەکەن‌و پێکڕا وێنەیەکی جوانی ژیانی بەهارانی

حەیوانداری کورد پیشانئەدەن . هەرچی ئەوەیشە کە وتنی ڕستەیێکی عادەتی لەگەڵ ئەوە ناگونجیٚ کە حاجی لە وەسفی زمانی کوردیدا وتوویە : (بەلاغەتێکی هەیە هیچ زمانیٚ نایگاتیٚ) – قسەیەکی سەیرو سەمەرەیە ، چونکە حاجی ئیددیعای ئەوەی کردووە کە کوردی لە هەموو زمانیٚ بەلیغترە (دیارە ئەمەیش زیادەڕەوییەکی خوێنگەرمانەو بێبەڵگەیە)و ، نەیوتوە من بەلاغەتێکم هەیە لە هیچ زمانێکا هاوتای نییە ، ئەم دوو قسەیە زۆر لەیەکەوە دوورن .

پاش هەموو ئەمە ، ئەبیٚ ئەوەیش بە کاك فایز بڵێم کە کێشەی ڕاستەقینە لە مەیدانی ساغکردنەوەی شیعری کۆنمانا لەسەر ئەوەیە کە شاعیر چۆنی وتووەو چی نووسراوە ، لەسەر ئەوە نییە کە من و ئەو پێمان خۆشە چۆن بیٚو چۆن نەبیٚ . ئێمە حەقی پیٚخۆشبوونی وامان نییە ، مەرجیش نییە هەر شاعیرێکمان بگری هەمووجاریٚ جوانترینو ڕەوانبێژانەترین شیعری وتبیٚ . زۆر جار وائەبیٚ هەرکام لە ئێمە ئەتوانین ڕستەیەکی بەڕیٚوجیٚتر بخەینە جیٚی ڕستەیەك لە شیعری شاعیرێکی ناودارمانا ، بەڵام ئاخۆ هەر بەو توانینە حەقی ئەوەمان ئەبیٚ وابکەین ؟ دیارە نۀ .

لەبارەی بەیتی :

**چاهـــی زەقەنی مەهلەکە ئەی دڵ بە گوریسی**
**ئەو زوڵفە ئەگەر سیلسیلەیە خۆت مەخە نێو بیر**

(ب ۲ ، ل ٦٢)یشەوە ، نووسیویە : «(مەهلەکە) ئەگەر ڕاستبیٚ ، دەبیٚ (مەهلەکەیە) بخوێندرێتەوە . ئەمەش لەگەڵ کێشی شیعرەکەدا ناگونجیٚ . بۆیە واباشە بەهەڵە دابندریٚو بەمجۆرە ڕاستبکرێتەوە : چاهی زەقەنی موهلیکە . .»

منیش ئەڵێم : جاریٚ بۆ (ئەگەر ڕاستبیٚ) ؟ ڕاستەو ئەوپەڕی ڕاستیو ، ئەگەر بەڕاستی نازانی بۆ ناڵێی ڕاستەکەی بەلاتەوە چۆنە ؟ ئەنجا هیچوایش باش نییە بەهەڵە دابنریٚو ، مەسەلەکە ئەو قووڵ بۆداچوونەی ناویٚو ، وشەکە (مەهلەکە) نییە (مەهلەك)ە لەگەڵ (ە)ی ضەمیری غائیب کە (مەهلەك) ئەبەستیٚ بە (چاهـ)ەوەو ، تەواو !

لەبارەی بەیتی :

**تا بڵێی فەرق هەیە میهری منو ماهی فەلەك**
**لە ثەرا تا بە ثورەییا ، لە سەما تا بە سەمەك**

(ب ۱ ، ل ٦٩)یشەوە ، نووسیویە : «دەبیٚ کیٚ بڵیٚ جیاوازییێکی ئەوتۆ لەنێوان (میهر – ڕۆژ)و (ماهـ – مانگ)دا نییە ، تا حاجی پێویستی بەو هەموو تەئکیدە بیٚ کە لە (تابڵێی فەرق هەیە)و لە[7] (لە ثەرا تا بە ثورەییا . لە سەما تا بە سەمەك)دا هەیە ؟ بەگوێرەی ئەم دەقە بیٚ دەبیٚ حاجی گوتەی (نور القمر مستفاد من نور الشمس)ی نەك هەر نەخوێندبیٚ . بەڵکو نەشیبیستیٚ ! دەنا دەیزانی (میهر) ئەسڵەو (ماهـ) فەرعە ، فەرعیش قەت بە ئەسڵ ناگا . لەوانەیە لە ئەووەڵەوە بەمجۆرە بووبیٚ : (تابڵێــی فەرق هەیە ماهی منو ماهی فەلەك . .) هتد . ئەمەو دێڕی دووەمی غەزەلەکەی کە بەمجۆرەیە :

هـــەر کە لای کردەوە عوقدەی سەری زوڵفی لادا
لە هەموو لاوە صەدای (صل علی . .) گەییە مەلەك

ڕاستەوخۆ پێمان دەڵیٚ : (میهر) ئەگەر بە خامە ڕەنگینو پیرۆزەکەی حاجی خۆیشی نووسرابیٚ ، لە زەلیلی خامەوە بووە ، چونکە نەبیستراوە لە کاتی دیتنی ڕۆژ صەلاوەت بخوێندریٚ ، بەڵکو بۆ دیتنی مانگ دەخوێندریٚ . جا ئەگەر مانگەکە چواردەش بیٚ لە ڕۆژ لەپێشترە بۆوەی صەلاوەتی لیٚ بدریٚ» .

منیش ئەڵێم : بەر لە هەرچی حاجی بەراوردی لەنێوان ڕۆژو مانگی ئاسماندا نەکردووە تا بشیٚ بڵێین هەموو خوێندەواریٚ ئەزانیٚ ڕۆشنایی مانگ لە ڕۆشنایی ڕۆژەوەیەو پێویست بە باسلیٚکردنی نییە ، بەراوردی لەنێوان ڕۆژی خۆی – کە یارەکەیەتی – و مانگی ئاسماندا کردووەو هەمووکەسیٚ ئاگای لە جوانیی زێدەجوانی یارەکەی نییە تا ئەو بۆی نەبیٚ ئەم بەراوردە بکا . ئەنجا ئەگەر وایە ، خۆ هەموو کەسیش ئەزانیٚ ئەرزو ئاسمان چەند لێك دوورن ، کەواتە عەرەب چۆن بۆ کینایە لە

لێك‌دووری دوو شت (بعد الأرض عن السماء)و (بعد الثريا عن الثری)یان وتووه ، که حاجی‌یش لەم بەیتەدا دووهەمیانی هێناوەتەوە ؟ وەك وتم : حاجی قادر باسی ڕۆژی ئاسمان ناکا تا بۆی نەبێ بەراوردی بکا لەگەڵ مانگ ، باسی یارە ڕوو وەك ڕۆژ جوان‌و ڕوونەکەی خۆی ئەکاو ئەڵێ : ڕۆژی من کە ڕۆژی ڕاستەقینەیش نی‌یەو لە ئاسمانیشا نی‌یە لە ئەرزایە ، ئەوەندەی **دووری خاکی زەوی لە ئەستێرەی کۆو دووری ئاسمان لە ماسیی ئەفسانەی (گاوماهی)ی بنی‌ئەرز کە ئەکەوێتە چەند چین لە ژێرزەوی‌یەوە – لە مانگی ئاسمان جوانترە .**

بەڵگەهێنانەوەکەیشی بە بەیتی (هەر کە لای‌کردەوە . .) هەر لەجێی خۆیا نی‌یە ، چونکە ئەو بەیتە ئیشارەت بۆ ئەوە ئەکا کە لەکاتی ڕۆژبەربوونی پاش گیرانیا خەڵك دەس‌ئەکەن بە سەڵەوات‌لێ‌دان . لەم شوێنەیشدا مەبەست لە ڕۆژگیران داپۆشرانی ڕۆژی ڕووی یارە بە تاریکایی زوڵفی‌و ، لە بەربوونەکەیشی لادرانی زوڵفیەتی لەسەر ڕووی .

ئەوەیش کە گوایە بۆ دەرکەوتنی مانگی چواردە خەڵك سەڵەوات لێ‌ئەدەن ، هەر زۆر هەڵەیە . تائێستا کەس نەیدیوە خەڵك لەگەڵ دەرکەوتنی مانگی چواردەدا سەڵەوات لێ‌بدەن . خەڵك ئەگەر بۆ دەرکەوتنی مانگ سەڵەوات لێ‌بدەن ، بۆ دەرکەوتنی مانگی یەکشەوە لێی‌ئەدەن‌و بەتایبەتی مانگی یەکشەوەی ڕەمەزان‌و شەشەڵان‌و قوربان . .

لەبارەی بەیتی :

**فیدای جووتیارتان بێ حاتەمی تەی**

**بـــەقوربانی سەپانتان ئالی بەرمەك**

(ب ٢ ، ل ٧١)یشەوە ، نووسیویە : (جووتیار)ی نیودێڕی یەکەمی ئەم دەقەم بەدڵەوە نانووسێ لەبەر دوو هۆ : (١) لە کوردەواری سەردەمی زوودا. دوو پیشەو کاری سەرەکی هەبوون (أ) ئاژەڵداری (ب) جووتیاری یان سەپانی . جا بەگوێرەی دەقی تازە باسی ئاژەڵداری لەنێو باساندا نامێنێ . (٢) (جووتیار) لەگەڵ (حاتەمی تەی)دا ناگونجێ چونکە حاتەم جووت‌و جووتیاری نەك هەر نەبوەو نەیکردووە ، بەڵکو نەشیبینیوە ، چونکە وڵاتەکەی بۆ کشتوکاڵ ناشێ‌و ، تەنیا پێشەی ئاژەڵداری لەوێ کراوە . حاتەم خۆیشی ئاژەڵدارێکی نقەو گەورە بووە . ئەمەو ، (جووتیار)و (سەپان) هەردوکیان زاراوەی سەر بە کاری کشتوکاڵ‌و فەلاحەتین‌و ، هەردوکیان دەبنە ناو بۆ یەك چین کە (فەلاح)ە . جا بۆئەوەی بەرانبەرەکەی (حاتەم) بگونجێ لەگەڵ حاڵی ئەودا ، کە ئاژەڵداری‌یەو ، بۆئەوەی بەیتەکە هەردوو چینە سەرەکی‌یەکان بگرێتەوە ، واباش‌بوو کە نیودێڕی (گەلێ دەقی‌تر)ی پەراوێزەکە ، کە بەم‌جۆرەیە : (بەفیدابی شوانتان حاتەمی‌تەی) ، پەسەند کرابایە» .

منیش ئەڵێم : هەرچەند هەرکام لە تێکستە جیاکانی ئەم بەیتە بگری مەعنای دێ ، من ئەم تێکستەم پێ باش‌بوو کە لە دیوانەکەدا لەچاپ‌دراوە ، چونکە لە تێکستی (بەفیدابی شووانتان . .) دا ئەبوو ئیشباعێکی ناپەسەند بدرایە بە (ی)ی یەکەمی (فیدابی)و (ی)ی دووەمیشی بکرایە بە دوو (ی) واتە (فیدای) بکرایە بە (فیدابی)و ، (شوانتان)یش بە (شووانتان) بخوێنرایەتەوە . هیچیش پێویست‌ناکا بەرانبەر بە (حاتەمی تابی) کە حەیوانداری کردووە ، ئێمە (شوان) بێنین کە حەیوان بەخێوئەکا گوایە شوانی ئێمە لە حەیوانداری خەڵکی‌تر پیاوترە ، با (جووتیار) بێ کە چینی لادێ‌نشینی کوردستان بووەو بەشی زۆری خەڵکی لێ پێکهاتووە ، هیچ زیانێکی لێ ناوەشێتەوە . حاجی‌یش باسی چین‌و توێژاڵە کۆمەڵایەتی‌یەکانی کوردستانی نەکردووە تا ناچاربێ ناوی (شوان) بێنێ لەجیاتیی ئاژەڵداران‌و ناوی (سەپان) بێنێ لەجیاتیی لادێ‌نشینان .

لەبارەی بەیتی :

**شـــوانی مێگەلی کوردان لە شەڕدا**

**وەکوو قەصصابە ، دوژمن مێگەلی شەك**

(ب ٤ ، ل ٧١)یشەوە ، نووسیویە : «(شەك) : بەرخی نێر کە پێی‌نابێتە ساڵی دووەم . بۆ هاوتەمەنی مێی (بەردیل)

دەگوترێ. لەسەر ئەم ئەساسە بەدووری نازانم دەقەکەی مستەفا سائیب کە لە پەراوێزدا بەمجۆرە تۆمارکراوە: (وەکوو قەصصابە، دوشمن نێرە، گەل شەك) لەئەنجامی بەهەڵە خوێندنەوەوە وای لێ‌هاتبێ‌و، لەجێی خۆیدا بە مەبەستی (وەکوو قەصصابە، دوژمن نێرگەلی شەك) نووسرابێ. دیارە ڕێنووسی کۆنی کوردی‌یش ئەم خوێندنەوەمان لێ دەسەلمێنێ..».

منیش ئەڵێم: لەم بۆچوونەی کاك فایزدا لەگەڵی هاودەنگم.

لەبارەی بەیتی:

**لەبەر حیــــزەبخۆیی‌و ناتەبایی**

**لەژێری حیزی حیزان بووینە دۆشەك**

(ب ٥، ل ٧١)یشەوە نووسیویە: «لەوانەیە لەجێی خۆیدا (لەبەر هیزەبخۆیی...) بووبێ، بەهەڵە یا بەئەنقەست، تا ڕاستەوخۆ بیبێتە جوێن، کرابێ بە (حیزەبخۆیی). (هیزە بخۆ) بۆ مرۆڤی چڵێس‌و سوودپەرست بە بێ‌گوێ‌دان بە ڕەوایی‌و نارەوایی ڕێگای وەدەست‌هێنانی، دەگوترێ. هیزە: پێستی بەساغی دەرهاتووی هێندێ گیاندارە کە ڕۆن‌و دۆشاوی تێ‌ئەکرێ. ئەمەو، بۆ خاتری ئەوانەی حەز بە جوێن‌دانی ڕاستەوخۆ دەکەن، کە بەداخەوە ئەوەندە هەن لە حسێب‌کردندا حیساب بکرێن، پێویستە ئەوەش بنووسین کە (هیزە) بەمانای (حیز)یش هاتووە».

منیش ئەڵێم: هەر تێکستی دیوانەکە ڕاستە، چونکە حاجی ئەو ئەندازە جیناسەی مەبەست بووە کە بە کۆکردنەوەی (حیزە بخۆیی)و (حیزی حیزان) پێکدێ. سەرەرای ئەوە کە (هیزە)ی بەمەعنای (هیزەی ڕۆن) بۆ ئەم شوێنە دەس‌نەداو، وابزانم (حیزەبخۆیی)یش بەومەعنایە نی‌یە کە کاك فایز نووسیویە، تەنیا بۆ مەبەستی ژیانی حیزی‌و نامەردی بەکاردێ‌و لەبەرئەوە ناکرێ (هیزە بخۆیی) بێ‌و، لەگەڵ ئەوەیشا کە لە هەندێ شوێنی کوردەواریدا – وەك ناوجاف – (هیزە) لەجیاتی (حیزە) بەکاردێ، بەڵام هێشتا هەر جیاوازی هەیە لە مەعنای باوی (حیزە)و، ئیدیۆمەکەیش هەر (حیزەبخۆیی)یە. سەرەرای هەموو ئەمەی کە وتم لە هیچ کام لە سەرچاوەکانی بەردەستما نەنووسرابوو (هیزە بخۆیی)و کەسیش لەخۆیەوەو بەتەنها بۆچوونی خۆی حەق. دەسکاری‌کردنی تێکستی نی‌یە مەگەر ڕەپ‌وراست دیار بێ هەڵەیەو ڕاستی‌یەکەیشی دیارو لە بەرچاو بێ.

لەبارەی بەیتی:

**کــــراوە ئینتیخابی وشکەسۆفی**

**لە دیوانی کەری بێ‌نوقتەیی شەك**

(ب ١، ل ٧٢)یشەوە، نووسیویە: «بە بڕوای من (لە دیوانی کەری...) هەڵەیەو، لەجێی خۆیدا (دیوانی گەری...) بووە، چونکە (سەگ – بێ‌نوقتەیی شەك) بە (گەر) وەسفدار دەکرێ، جا ئەگەر بە (کەر)ی وەسفدار بکەین. زوڵم لە یەکێ لەو گیاندارە بەهۆشانە دەکەین کە زۆری قەرز لەسەر کورد (؟) هەیەو زۆر جار وەفاو دڵسۆزیی لە مرۆڤ زیاتر نیشان‌داوە».

منیش ئەڵێم: ئەو مەعنایەی کاك فایز مەبەستیە کە (لە دیوانی سەگی گەردا)یە لەم نیوەبەیتەدا دەسگیر نابێ هەرچەند وایشی بخوێنینەوە کە ئەو پێی‌باشە، چونکە ئەمە زۆری جیایە لە (لە دیوانی گەری بێ‌نوقتەیی شەك) کە وەك ئەو ئەیەوێ، ئەبێ بە (لە دیوانی گەری سەگ)، لەبەرئەوە کە بەپێی دارشتنی نیوەبەیتەکە (بێ‌نوقتەیی) ئەبێ بە سیفەتی (گەر)و ئیزافە ئەکرێتە پاڵ (شەك)، لەکاتێکا کە مەبەستە نوقتەکانی (شەك) لابرێن تا ببێ بە (سەگ)و ئەوکاتە وشەی (بێ‌نوقتە)یش لە حوکمی نەبوودا ئەبێ‌و ئەمێنێتەوە (لە دیوانی گەری سەگ)و ئەمەیش نەك هەر مەعنا مەبەستەکەی ئەو نادا بەدەستەوە، بەڵکو مەعنایشی نی‌یە. بەڵام ئەگەر وابێ کە لە دیوانەکەدا نووسراوە، وا لە سەرەتادا وشکەسۆفی لە ئەنجومەنی کەرێتیدا هەڵبژێررا، ئیتر کەر قەرزی بەسەر کوردەوە هەبێ یا نەبێ (هەر قەرزی ئەومان ناتەواو بوو، وا هی ئەویشمان، لە خوا بەزیادبێ،

کەوتە ئەستۆ !)و ، (بێنوقتەیی شەك)یش مەعنای ئاشكراو ڕەوانی خۆی هەیەو بەتەواوی ئەیدا بەدەستەوە . (شەك)ی بێنوختەیش هەرچۆن بێ نیمچە پلارتیگرتنێكی تر ئەگەیەنێ .

خۆ ئەگەر ئەوەیش ڕەچاوكەین كە لە شێوەنووسینی كۆندا (و)ی عەتفو (ی)ی ئیزافە بە نووسین دەرنەكەوتوون ، ئەتوانین بڵێین لە (كەری) (كەریو) مەبەستەو ، ئەوكاتە (دیوانی) بەسەر (بێنوقتەیی شەك)دا دێتەوەو مەعناكەی ئەبێ بە (لە دیوانی كەریو شەكی بێنوقتەدا) كە واتە (لە دیوانی كەریو سەگیدا) . سەرەڕای هەموو ئەمە ئەگەر بمانەوێ بڵێین حاجی حەقی گیاندارانی پێشێل نەكردووەو نابێ ناهەقی لەگەڵ گوێدرێژ بكا ، ئەوەمان دێتەسەر كە سەگیش هەروا خزمەتگوزارو بەوەفایە بۆ ئادەمیزادو ، ئەگەر ئەم تەشبیهەی وشكەسۆفی بە گوێدرێژ نارەوا بێ ، دیارە تەشبیهی بە سەگیش نارەوایە . بەڵام حاجی ئەم هەموو وردەكارییە بێكەڵكانەی مەبەست نەبووەو ، هەر ئەوەندی ویستووە بڵێ وشكەسۆفی كۆمەڵێكی نەفامو تێنەگەیشتوون .

لەبارەی بەیتی :

**ئەمـــن شێخم ، سەرم شاخە ، هەناسەم**
**نەسیمە ، دیدە كانی ، مێزەرەم تەم**

(ب ٣ ، ل ٧٣)یشەوە ، نووسیویە : «لە پەراوێزدا نووسراوە (ئەم تێكستەمان لە دەسنووسێكی ڕوستەم حەوێزی وەرگرتووە ! لە دەقەكانیتردا : ئەمن كێوم كەلەم شاخە هاتووە) . دەبوایە دەقی پەراوێز ، یا باشتر وایە بڵێین دەقەكەی عەبدوڕڕەحمان سەعید كە بەمجۆرەیە :

ئەمـــن كێوم ، كەلەم شاخە ، هەناسەم
نەسیمە ، دیدەكانم (دیدە كانم) ، مێزەرەم تەم

هەڵبژێردرایە ، لەبەر ئەم هۆیانە : (١) زووتر بەمجۆرە تۆماركراوەو چەسپاوە ، (٢) (هەناسەم نەسیمە) لەگەڵ (كێو) جوانترەو باشتر دەگونجێ ، (٣) لەبەرئەوەی خاوەنی (ئەمن)واتە قسەكەر (حاجی)یە ، زەین زووترو زیاتر بۆ ئەوە دەڕوا كە خۆی لە (كێو) بچوێنێ نەك (شێخ) . ئەممەو نازانم بە پاڵپشتی چ بەڵگەو تێكستێك (م)ی ڕاناوی كەسی یەكەم (دیدەكانم) كە لە هەردوو چاپەكەی (ع .س)و (گ .م)دا پارێزراوە ، لە چاپی تازەو لە (ساغكردنەوەی هەندێ گیروگرفتی شیعرەكانی حاجیقادری كۆیی)[٨] دا لابراوە . بە بڕوای من بە بەڵگەی زۆر بەهێز نەبێ ، نابێ ئەمجۆرە دەستكارییانە بكرێن» .

منیش ئەڵێم : بەشبەحاڵی جیاوازیی یەكەم ، من تێكستی دەسنووسەكەی لای ڕۆستەم حەوێزیم پێ پەسەندە كە لە دیوانەكەدا پەسەندكراوە چونكە ئەگەر حاجی بە خۆی بڵێ (كێو) نە هەناسەی ئەبێو نە دیدەو ، نە مێزەری پێویست ئەبێ ، لەبەرئەوە كە كێو هیچكام لەمانەی نییە . بەڵام كە (شێخ) بوو سەری هەیە لەبەرزیدا بیشوبهێنێ بە شاخو ، هەناسەی هەیە بیشوبهێنێ بە نەسیمی شاخانو ، دیدەی هەیە بیشوبهێنێ بە كانیاوی قەدپاڵو داوێنی چیاكانو ، مێزەری سپیشی هەیە بیشوبهێنێ بەو تەمەی ڕووی شاخان دائەگرێ . بەشبەحاڵی جیاوازیی دووەمیش نە لای عەبدوڕڕەحمان سەعیدو نە لای گیو موكریانی نەنووسراوە (دیدەكانم) . لای عەبدوڕڕەحمان سەعید (دیدەكانم)ە كاك فایز بە ئارەزووی خۆی بە (دیدە كانم)ی ئەخوێنێتەوە . لای گیویش (چاوەكانم !)ە . ئەمە لەلایەك . لە لایەكیكەیشەوە (دیدە كانی) تەعبیرێكی ڕاستو دروستە بەمەعنای (دیدەم كانییە)و هیچ ڕەخنەیەكی گراماتیكایی لێ ناگیرێو ، ئەگەر (م)ی یەكەمی (مێزەرەم) نەبێ لەگەڵ ئەو (میم)ی (كانم)ە كە كاك فایز پێشنیای ئەكا لەیەكیان بئاڵێنین ، نیوە بەیتەكە بەوجۆرە كە ئەو بە ڕاستی ئەزانێ تەواو لەنگ ئەبێ .

منیش لەگەڵ كاك فایزم لەوەدا كە ئەڵێ : بە بەڵگەی زۆر بەهێز نەبێ نابێ دەسكاری لە تێكستی شیعردا بكرێو ، ئەممەم چ لەم وتارەداو چ لە وتاریترما چەند جار دووبارەكردووەتەوە . بەڵام ڕەخنەكەی لەم بەیتەدا بەجێ نییە ، چونكە یەكەم خۆی هەر لەم بەیتەدا كە لێرەدا

لێی ئەدوێین بە بێ هیچ پێویستی‌یەك‌و بەڵكو بەهەڵەیش (دیدەکانم)ی عەبدوررەحمان سەعیدو (چاوەکانم)ی گیو موکریانیی کرد بە (دیدە کانیم). دووەمیش ئێمە لەخۆمانەوە نەمانووسیوە (دیدە کانی)، بەگوێرەی دەسنووسی مەلا رەئووفیش هەر (دیدە کانی)یە، کەواتە ئێمە نین دەسکاریی بێ‌بەڵگەی شیعری حاجی قادرمان کردووە، ئەوە.

لەبارەی بەیتی:

**حـــاجی کەسێکە بێ‌کەس بۆ ئێوە قور دەپێوێ**
**گوێی لێ دەگرن زەریفە، ناگرن بەڵا لە خۆتان**

(ب ١، ل ٨٩)یشەوە، نووسیویە: «نیو دێری دووەم لە چاپەکەی (گ.م)دا بەم‌جۆرە هاتووە: (گوویی لێ‌دەکەن زەریفە، نایکەن بەڵا لە خۆتان). نازانم بۆ لە چاپی تازەدا گۆردراوەو، پشت بە چ تێکستێك بەستراوە؟ خۆ ئەگەر ئیجتیهادە دەبا لەوبەیتەش کرابا کە دەڵێ:

کـــێ دەڵێ کوردەکان بە ئیدراکن
بەسە ئەم نەقصە گوێ لە من ناکەن

وابزانم ئێرە بۆ کەمێ رێکیی سەروا زیاتر پێویستی بە دەسکاری‌یەکە هەیە، ئەمە ئەگەر لەوێدا هەر پێویستی هەبێ؛ چونکە بە بۆچوونی من (گوێی (گێی) لێ دەکەن) نەك هەر ناهەموار نی‌یەو بەس، بەڵکو باشتریشە لە (گوێی لێ دەگرن) چونکە لە یەکەم سەرەرای گوێ‌گرتن، دەبێ رووی کونەگوێ بەرانبەر دەمی قسەکەر بێ، کەچی لە دووەم بەس گوێ‌گرتن هەیە، جا رووی کونەگوێ لەکوێ‌یە، گرنگ نی‌یە».

منیش ئەڵێم: هەرچەند گێرەو کێشەکە لەسەر وشەی (دەگرن)و (ناگرن)ە، پێویستە لەپێشا ئەوە بڵێم کە (گوویی) کە کاك فایز بە راستی زانیوەو (و)ەکەی تیا ئیشباع کراوە، نیوە بەیتەکە لەنگ ئەکاو، هەر ئەبێ (گوێی)و بەڵکو بە دیالێکتی کۆیە (گێی) بێ. هەروەها هیچیش لەوە حاڵی نەبووم کە ئەڵێ: «وابزانم ئێرە..» تا ئەگاتە «چونکە..». ئەنجا بێینەوە سەر ئەسڵێ مەبەست: لەبارەی تێکستی پاڵپشتەوە، تێکستی پاڵپشت دەسنووسەکەی مەلا رەئووف سەلیم‌ئاغایە کە لامان وایە تێکرا باشترین دەسنووسە تائیستا وەگیرکەوتبێ. ئەگەر کاك فایز لەرووی سەنگی بەیتەکەوە رەخنەی بگرتایە. رەخنەکەی زۆر بەجێ‌بوو چونکە (دەگرن)و (ناگرن) بەیتەکە لەنگ ئەکەن‌و، لە تێکستی عەبدوررەحمان سەعیدیشدا (دەکەی)و (ناکەن)ە کە بۆمان هەیە بڵێین (دەکەی)ەکە هەڵەیەو راستەکەی (دەکەن)ە چونکە قسە لەگەڵ کۆمەڵ ئەکاو. لە تێکستی چاپی سێهەمی گیو موکریانی‌یشدا (دەکەن)و (ناکەن)ە، بەڵام جیاوازی دانان لەنێوان (گوێ‌گرتن)و (گوێ‌لێ‌کردن) ئەوە بەڵگەیەکی لە زمانی کوردیدا نی‌یە. چونکە ئەم دوانەیش هەن‌و (بەگوێ‌کردن)یش هەیەو، هەر لەم‌مەعنایانەدا وشەی‌تریش هەیە. هیچ مەرجیش نی‌یە لە (گوێ‌گرتن)دا کونەگوێی گوێ‌گر بەرانبەر بە دەمی قسەکەر بێ.

لەبارەی بەیتی:

**دو گەز زەمین‌و سێ گەز جاوو مستە خۆڵێکە**
**لیبـــاسی پێخەف‌و رایەخ هەتا دەگاتە سەرین**

(ب ٧، ل ٩٦)یشەوە، نووسیویە: (لیباسی) هەڵەیە. دەبێ (لیباس‌و پێخەف...ی) بێ. خۆ ئەگەر بڵێین (ی)کە راناوەو بۆ (خەلایق) دەگەرێتەوە کە لە بەیتی پێشوودا گوترا (خەلایقیش کۆچە)، ئەوا دەبێ بەدوای (رایەخ)ەوە بلکێندرێ‌و بنووسرێ: (لیباس‌و پێخەف‌و رایەخی...)».

منیش ئەڵێم: مامۆستا مەلا جەمیلی رۆژبەیانی‌یش رایەکی‌وای پیشان‌دابوو[9] و منیش تارادەیەك پەسەندم کردبوو[10]. بەڵام ئیستا پەشیمانم لەوەو، لام‌وایە هەرچەند ئەگەر مەبەستمان بێ پێوەندی ئەم بەیتە بە بەیتی پێشووەوە ببرین، ئەتوانین بڵێین راستە (لیباس‌و..)وە چونکە بەپێی شێوەنووسینی کۆن کە نووسراوە (لباس پیخف رایخ..) وئەتوانین بەگوێرەی مەعنا بە (لیباس‌و) و بە (لیباسی)یشی بخوێنینەوە، ئەبێ حیسابێك بۆ سێ تێکستی مەلا رەئووف‌و

عەبدورڕەحمان سەعیدو گیو موکریانی‌یش بکەین کە هەر سیانیان (لیباسی)یان نووسیوەو ، بەپێچەوانەی بۆچوونەکەی کاك فایزەوە ئەتوانین ضەمیری (ی)ی (لیباسی) بۆ (خەلائیق) بگێرینەوەو فاریزەیەکی لەدواوە دانێین‌و (پێخەفو ڕایەخ هەتا دەگاتە سەرین) بکەین بە شەرح‌و لێکدانەوەی (لیباسی). نایشوترێ پێخەفو ڕایەخ‌و سەرین لیباس نین ، چونکە لیباس مەعنایەکی زۆر بەرفراوانتری لە دەرپێ یا لە تێکرای جل‌وبەرگ هەیەو خوا لە قورئانا ئەفەرموێ «وهو الذي جعل لکم الليل لباسا[11]» واتە : خوا ئەو خوایە شەوی بۆ کردوون بە پۆشاك (کە ئەوەتە لەناو خۆیا ئەتانشارێتەوەو دەرناکەون) .

لەبارەی بەیتی :

**حاجیب‌و حاجی هەموو ڕۆژێ بەگژ یەکدا دەچوون**
**بێ‌حەیا بوو ئەو سەگە عاری نەبوو ، حاجی بەزی**

(ب ٧ ، ل ١٦٤)یشەوە ، نووسیویە : «لە پەراوێزی ژمارە (٤)ی سەر (عاری نەبوو) ئەمە نووسراوە : لە هەمان دەقدا **(واتە دەق موکریانی)** نووسراوە (عاری هەبوو) کەچی مەبەستی حاجی سەگەو سەگیش دیارە بێ‌حەیایی لێ دەوەشێتەوە . وا ڕاستە بنووسرێ (عاری نەبوو) . دیارە چاپەکەی (گ .م) جێی بڕواو متمانەپێ‌کردن نی‌یە ، بەلام ناشێ بە بێ‌بەڵگەی سەلمێندراو ڕەت بکرێتەوە ، هەروەکوو لێرەدا کراوە ، چونکە تەنیا ئەمە کە (مەبەستی حاجی سەگەو سەگیش بێ‌حەیایی لێ دەوەشێتەوە) بەس‌نی‌یە بۆ بەهەڵەدانانی (عاری هەبوو)و کردنی بە (عاری نەبوو) . ئەمەو ، بەگوێرەی ڕاستکردنەوەکە ، دووبارەکردنەوەی وەصف ڕوودەداو ، شانازی‌کردنی حاجی بە بەلاغەت‌و فەصاحەتی خۆی‌و زمانی کوردی هەڵدەوەشێتەوە . بۆیە من وای بە باش دەزانم (عاری نەبوو) بکرێ بە (عاری هەبوو)ی چاپی (گ .م)و کۆمایەکەی دوای هەڵبگیرێ‌و لەدوای (سەگە) دابندرێ ، واتە بەم‌جۆرە بنووسرێ : (بێ‌حەیا بوو ئەو سەگە ، عاری هەبوو حاجی بەزی) ، چونکە وەك من تێ‌دەگەم حاجی دەیەوێ بڵێ : دەرگەوانی یارو حاجی هەموو ڕۆژێ بەگژ یەکدا دەچوون‌و دەبوو بە شەڕیان . ئەو سەگە ، واتە دەرگەوانی یار ، کردی بە هەراو ، حاجی‌یش (عاری هەبوو)و شەرمی بەخۆ بوو نەبادا سووکایەتی پێ‌بکرێ ، بەزی ، واتە هەڵات‌و ڕای‌کرد . یان ئەو سەگە بێ‌حەیا بوو ، دیارە لە شەڕیشدا لایەنی بێ‌حەیا سەردەکەوێ – لەبەر ئاشکرایی نەیگوتووە – . حاجی‌یش عاری هەبوو نەیتوانی دیفاع لە خۆی بکاو مەبەستی خۆی بە ڕێکی دەرببڕێ‌و لە شەڕەکەدا بەزی ، واتە ژێرکەوت‌و شەڕەکەی دۆڕاند . یان حاجی هەرچەند دەیزانی شەڕەکە دەدۆڕێنێ ، بەلام دیسانیش عاری هەبوو شەرمی بەخۆ بوو دەس‌نەکاتەوە ، بۆیە بەزی ، واتە هەوڵی‌داو تێکۆشا بەڵکو سەرکەوتنێ وەدەس‌بێنێ . (بەزی)ی نیودێری یەکەمی سەرەتای شیعرەکەش بەم‌مانایەی دوایی دێ» .

منیش ئەڵێم : یەکەم وەك بیسراوە (فلانکەس عاری نی‌یە) یا (بێ‌عارە) ، من بزانم ، نەبیسراوە بڵێن (عاری هەیە) یا (بەعارە) . بەڵێ لەحاڵێکا کە کەسێك لەوانە بووبێ کارێکی خراپ بکاو پرنگابێتەوەو کشابێتەوە ئەڵێن (عاری هاتەوە) ، ئەمەیش جیایە لە (عاری هەبوو) . لەمەوە ئەگەمە ئەوە کە نوسخەی (عاری نەبوو) بەجێ‌ترو پەسەندترە . مەبەستیشم لەم قسەیە ئەوە نی‌یە بڵێم (عاری هەبوو) هەڵەیە ، چونکە لەوانەیە لە زۆر شوێنیشا وابڵێن‌و من پێی‌نەزانم . لە دەسنووسی مەلا ڕەئووفیشدا (عاری هەبوو) نووسراوەو لەپاڵیا بە (نوسخە) نووسراوە (نەبوو) ، کەواتە هەردوو تێکستەکە هەن .

بەلام مەعنا لێدانەوە دووەمەکەی کاك فایز کە (بەزی) بەمەعنا «هەوڵی‌داو تێکۆشا بەڵکو سەرکەوتنێ وەدەس‌بێنێ» بێ‌و گوایە «(بەزی)ی نیو دێری یەکەمی سەرەتای شیعرەکەیش بەم مانایەی دوایی دێ» ، ئەوە زۆر دوورو ئەقڵ‌نەبڕیوە ، چونکە ڕێ‌تێ‌ناچێ حاجی ویستبێتی بڵێ لەشەڕا لەگەڵ سەگێکی بێ‌حەیای وەك دەرگاوانی بەردەرکی یارا هەوڵم‌دا سەرکەوم ، چونکە بمانەوێ‌و نەمانەوێ مەعناکەی وای

لیٚ‌دیٚته‌وه‌ حاجی خۆی له‌و به‌ كه‌متر دانه‌نابیٚ له‌ دری‌و هاریدا . زیاد له‌وه‌ كه‌ (به‌زی) له‌ دیٚری یه‌كه‌می پارچه‌ شیعره‌كه‌دا به‌مه‌عنای (دایه‌ غار)ه‌و به‌ هیچ كلۆجیٚ پیٚوه‌ندی به‌م مه‌عنا ده‌س‌هه‌ڵبه‌سته‌ی كاك فایزه‌وه‌ نی‌یه‌ كه‌ له‌ هیچ‌كام له‌ فه‌رهه‌نگه‌ كوردی‌یه‌كانی به‌رده‌ستما‌نا تارماییشی دیار نی‌یه‌ چونكه‌ له‌ كه‌س نه‌بیسراوه‌و زمانیش ئه‌بیٚ زمانی میلله‌ت بیٚ .

له‌باره‌ی به‌یتی :

**ده‌فعه‌یه‌ك ئیمتیحانیان ناكه‌ن**

**تیٚ‌بگه‌ن زه‌هره‌ یا نه‌ ثریاكن**

(ب ٦ ، ل ١٨٥) یشه‌وه‌ ، نووسیویه‌ : «واباشه‌ نیودیٚری دووه‌م به‌م‌جۆره‌ بنووسریٚ (تیٚ‌بگه‌ن زه‌هر یا نه‌ ثریاكن) ، واته‌ بزوێنی (ه‌)ی (زه‌هره‌) بسریٚته‌وه‌ ، سووكه‌ بزوێنی (i) كه‌ هیٚشتا له‌ ریٚنووسی كوردیدا نیشانه‌ی بۆ دانه‌ندراوه‌ ، بخریٚته‌ سه‌ر (هـ)ی‌یه‌كه‌ . ئه‌مه‌ش بۆئه‌وه‌ی له‌ كیٚشه‌ی وه‌ك یه‌ك نه‌بوونی (ئیمتیحانیان)و (زه‌هره‌) له‌ كۆیێتی (الجمعیة)دا ، ده‌رباز ببین» .

منیش ئه‌ڵیٚم له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌یش كه‌ بۆچوونه‌كه‌ی كاك فایز وردو خویٚنده‌وارانه‌یه‌ ، مه‌سه‌له‌كه‌ ته‌نها له‌ (واباشه‌)دا نی‌یه‌ . جاریٚ ئه‌وه‌ هه‌موو هاوده‌نگین له‌وه‌دا كه‌ (زه‌هره‌) هه‌ڵه‌یه‌ چونكه‌ (ه‌) ضه‌میری موفره‌ده‌و مه‌رجه‌عیش لیٚره‌دا جه‌معه‌و پاشتریش هه‌ر ضه‌میری جه‌مع له‌ (ثریاكن)دا به‌كارهیٚنراوه‌ . منیش . پیٚی‌لیٚ‌ئه‌نیٚم ، به‌رپرسم كه‌ بۆچی له‌ كاتی له‌چاپدانی كتیٚبه‌كه‌دا چاریٚكم بۆ ئه‌م هه‌ڵه‌یه‌ نه‌دۆزیوه‌ته‌وه‌ . كه‌واته‌ ئه‌بیٚ یا (زه‌هرن) بیٚ یا (زه‌هر) . دیاره‌ (زه‌هرن) نی‌یه‌ چونكه‌ نیوه‌ به‌یته‌كه‌ی زۆر پیٚ له‌نگ ئه‌بیٚ . نایشكریٚ ، وه‌ك كاك فایز پیٚشنیای كردووه‌ ، سووكه‌ بزوێنی (i) ، یا وه‌ك من ئه‌ڵیٚم (ژیٚره‌یه‌كی به‌دزی‌یه‌وه‌) ، بدریٚ به‌ (هـ)ی (زه‌هر) چونكه‌ بمانه‌ویٚ‌و نه‌مانه‌ویٚ ئه‌یكا به‌ (زه‌هیر) ، به‌ڵام ئه‌گه‌ر ئیٚشباعیٚك به‌ زه‌نه‌ی (ر)كه‌ی (زه‌هر) بدریٚ ، چاریٚكی له‌نگیی نیوه‌ به‌یته‌كه‌ ئه‌كا . ئیستایش كه‌ ئه‌م چه‌ند دیٚره‌ ئه‌نووسم وای‌بۆئه‌چم له‌ئه‌سڵدا (زه‌هرو) بووبیٚ‌و به‌ هه‌ڵه‌ی نوسخه‌گره‌وه‌ (نساخ) كرابیٚ به‌ (زه‌هره‌) . ئه‌م (زه‌هرو)وه‌یش سووك‌كراوه‌ی (زه‌هر وه‌) بیٚ كه‌ له‌گه‌ڵ (یا نه‌)كه‌ی پاشه‌وه‌ی زۆر باش ئه‌گونجیٚ . ئه‌وه‌یش بڵیٚم كه‌ له‌ هه‌ردوو ده‌سنووسی مه‌لا ره‌ئووف‌و مسته‌فا سائیبدا (زه‌هره‌) نووسراوه‌ .

له‌باره‌ی به‌یتی :

**تۆ وه‌ره‌ فه‌ننی فیٚر به‌ چیته‌ له‌وه‌**

**گاوره‌ . هیندووه‌ . وه‌یاخۆ جووه‌**

(ب ٢ ، ل ١٨٧)یشه‌وه‌ . نووسیویه‌ : «نیشانه‌ی (٧)ی سه‌ر (ی)ی (فه‌ننیٚ) كردوویه‌ به‌ (ی)ی ته‌نكیر . واته‌ : وه‌ره‌ فیٚری فه‌ننیٚك به‌ هه‌ر فه‌ننیٚك بیٚ . دیاره‌ ئه‌مه‌ش مه‌به‌ستی حاجی نی‌یه‌ ، چونكه‌ فه‌ن نه‌ گاوره‌ نه‌ هیندووه‌ . نه‌ جووه‌ . بۆیه‌ ده‌بیٚ ()ه‌كه‌ بسریٚته‌وه‌ تا (ی)یه‌كه‌ ببیٚته‌ راناوی كه‌سی سیٚیه‌م‌و بگیٚردریٚته‌وه‌ بۆ (چین – صین)ی نیٚو حه‌دیثه‌كه‌ی پیٚغه‌مبه‌ر (د.خ)» .

منیش ئه‌ڵیٚم : به‌ش‌به‌حاڵی نیشانه‌ی ()ی سه‌ر (ی)ی (فه‌ننیٚ) هه‌ڵه‌ی چاپه‌ . به‌ڵام ضه‌میری (ی)ی (فه‌ننی) ناگه‌ریٚته‌وه‌ بۆ چین . بۆ مه‌رجه‌عیٚكی ته‌قدیری ئه‌گه‌ریٚته‌وه‌ كه‌ نیوه‌به‌یتی دووه‌م روونی‌ئه‌كاته‌وه‌ . واته‌ : تۆ وه‌ره‌ فیٚری فه‌ننی خاوه‌ن‌فه‌ن به‌به‌ . چیته‌ له‌وه‌ كه‌ ئه‌و خاوه‌ن‌فه‌ننه‌ گاوره‌ یان جووله‌كه‌یه‌ یان هیندۆكه‌ .

له‌باره‌ی به‌یتی :

**به‌یتی من چونكه‌ كه‌ڵكیان ده‌گریٚ**

**لـــه‌ غه‌ریبی‌و بیٚ‌كه‌سی ده‌مریٚ**

(ب ٤ ، ل ١٩٠) یشه‌وه‌ . نووسیویه‌ : «ریٚنووسی كوردیی سه‌رده‌می حاجی ریٚگه‌مان ده‌دا كه‌ نیودیٚری یه‌كه‌م به‌م‌جۆره‌ بخوێنینه‌وه‌ : (به‌یتی من چونكه‌ كلكیان ده‌گریٚ) . وابزانم ئه‌مه‌ش له‌ هی نیٚو دیوانه‌كه‌ باشتره‌ . چونكه‌ (كلكیان) راسته‌وخۆ زه‌مه‌و ، له‌گه‌ڵ (به‌یتی مه‌دداحیان)ی پیٚش خۆی‌و (له‌ژیٚر باری رۆمی‌یان)ی دوای خۆی گونجاوتره‌» .

منیش ئەڵێم : وانی‌یە ، چونکە ئەگەر حاجی ئەوکەسانە بە کلکدار بزانێ ، چۆن ئەبێ بەتەمای ئەوە بێ قسەی بچێ بەگوێیانا ؟

ئەنجا کەسی شێوەی ئامۆژگاری‌و خستنە سەر رێی راست ئەوەیە قسەی سووك بە ئامۆژگاری‌کراوەکە بڵێیت ؟ ئەمە بە هیچ کلۆجێ نە لەگەڵ ئادابی ئیسلامەتی‌و نە لەگەڵ رێ‌وشوێنی مرۆڤایەتی ناگونجێ . سەرەرای ئەمەیش لە هەردوو دەسنووسی مەلا رەئووف‌و مستەفا سائیبدا (کەڵکیان) نووسراوە .

لەبارەی بەیتی :

**مەسجیدو میحراب‌و مینبەر بێ‌کەسە**

**هەر مەپرسە حاڵی چۆنە مەدرەسە**

(ب ٢ ، ل ٢٠٢)یشەوە ، نووسیویە : «لە پەراوێزێ لەسەر ئەم بەیتە ئەمە نووسراوە : (ئەم بەیتە لە دەسنووسێکی لای مندا هەبوو – محمدی مەلا کریم) کەچی هەر ئەم بەیتە بە بێ هیچ جیاوازی‌یەك لە چاپەکەی (گ.م)یشدا هەیە ؟ !» .

منیش ئەڵێم : من بەراوردی تێکستەکەی شارەزاو میرانم لەگەڵ دەسنووسەکانی لای خۆم‌و ئەو رۆژنامەو گۆڤارە کۆنانەی بەغداو ئەستەموولێ کردووە کە لام‌بوون ، نەك لەگەڵ چاپی مامۆستا گیوو کەسانی تر .

لەبارەی بەیتی :

**شەیخەنا گەر ئەم قسەت نایێتە گوێ**

**سەیری وا چۆڵە کەری تێدا بگێ**

(ب ٣ ، ل ٢٠٢)یشەوە ، نووسیویە : «بۆ رێکیی کێش‌و سەرواو بۆئەوەی لە شێوە ئاخاوتنی کۆیەی سەردەمی حاجی نزیك بێتەوە ، واباشە (نایێتە گێ) بنووسرێ» .

منیش ئەڵێم : لە رووی سەنگ‌و قافیەوە (گێ)و (گوێ) ئەوەندە فەرقیان نی‌یە چاوپۆشیی لێ نەکرێ . سەرەرای ئەوە ئەگەر بە (گوێ) نووسرا کۆیی رێی ئەوەیان لێ ناگیرێ بە (گێ)ی بخوێننەوەو خەڵکی شوێنانی‌تریش بە (گوێ) ، بەڵام ئەگەر بکرێ بە (گێ) لەوانەیە زۆرکەسی خەڵکی شوێنانی‌تر نەزانن وشەکە چۆنەو مەعنای چی‌یە .

وەك منیش بزانم کۆیی ئیستایش لەجیاتیی (گوێ) هەر (گێ) ئەڵێن مەگەر لە کۆیە دوورکەوتبنەوەو زمانی شوێنانی‌تریان هەڵگرتبێ . لە دەسنووسی مەلا رەئووف سەلیم ئاغای حەوێزیی کۆیی‌و مستەفا سائیبیشدا هەر (گوێ) نووسراوە .

لەبارەی بەیتی :

**سەیری ناکەن طائیفەی ئەو شێخەکان**

**وەك صـــــەحابەو عادەتی پێشینیان**

(ب ٥ ، ل ٢٠٣)یشەوە ، نووسیویە : «لە پەراوێزێك لەسەر (ئەو شێخەکان) ئەمە نووسراوە :(لە زۆربەی سەرچاوەکاندا لەجیاتیی دوا وشەی ئەم نیو دێرە چەند خاڵێ دانراوە) . دیارە جێ پڕکردنەوەی خاڵ کارێکی پەسەندە ، بەڵام پێویستیشە پەنجە بۆ ئەو تێکستە درێژ بکرێ کە پشتی پێ بەستراوە بەتایبەتی ئەگەر دەربرینەکە لاواز بێ .

جا ئەگەر (ئەو شێخەکان) بە پاڵپشتی تێکستێك داندرابێ ، ئەوا لەوانەیە (نەوشێخەکان – نۆشێخەکان) بووبێ ، چونکە شێخەکان زیاتر لە سەرەتای شێخایەتی‌یان بەوجۆرەی کە حاجی وەسفی کردوون دەگەران تا تەکیەو خانەقایان دروست دەکرد ، ئینجا خۆیان دادەنیشتن خەڵك بە خۆیان دەهاتنە لایان . خۆ ئەگەر پڕکردنەوەکە لەخۆوە بێ ، ئەوا دانانی وشەی (دەروێشەکان) بە باشتر دەزانم چونکە وەسفەکەی حاجی لەگەڵ هەموو قۆناخەکانی دەروێشی دەگونجێ» .

منیش ئەڵێم : یەکەم دانانی وشەی (ئەو شێخەکان) بەگوێرەی دەسنووسی مەلا رەئووفی حەوێزی‌یەو لەخۆوە نی‌یە . شارەزاو میرانیش لە سەرەتای دیوانەکەدا روونیان کردووەتە کە پشتیان بە دەسنووسی مەلا رەئووف بەستووە . دووەم ئەم دوو وشەی (ئەو شێخەکان)ە بە شێوە نووسینی کۆن وەك ئیستە نەنووسراوە تا بڵێین لەوانەیە (نەوشێخەکان) بوو بێ گۆڕابێ . پێشان (ئەو شێخەکان) بە (او شیخکان)و (نەوشێخەکان) بە (نوشیخکان) نووسراوەو زۆر دوورە کەسێ (او) بە (نو)

بخوێنێتەوە . سێهەمیش ئەم بۆچوونەی کاك فایز لەبارەی سەرەتاو گەشەکردنی شێخیەتیی هەر بنەماڵەیەکی شێخانەوە بەتەواوی لەگەڵ ڕەوتی گەشەکردنی ڕاستی‌یاندا جیاوازە . شێخان تێکرا لە سەرەتادا پیاوی خواپەرستو خزمەتگوزار بوونو نەگەڕاونو لە شوێنی خۆیانا دانیشتوونو بەوجۆرە تەکیەو خانەقایان دروست کردووەو خەڵکیش هاتوونەتە لایان . جا پاشان کە سەردەمێکی تارادەیەك زۆر بەسەر بنەماڵەکانیانا تێپەڕیوە وردە وردە بوون بە دەرەبەگو پیاوی دنیاو پێوەندیان لەگەڵ حوکمرانان بەستووە . کەواتە تێکرا (تازە شێخ) لە خواوە نزیکترو لە خراپەوە دوورترە تا (کۆنە شێخ)و حاجی قادر لە هێرشیا بۆ سەر شێخان مەبەستی لەو شێخانە بووە کە لە ڕێگای خوا لایانداوەو گۆڕیویانەتەوە بە ڕێگای دنیاداری .

بەش‌بەحاڵی ئەوەیش کە کاك فایز پێشنیا ئەکا لەجیاتی (ئەو شێخەکان) وشەی (دەروێشەکان) دابنرێ . ئەوەم وەك ماڵی بێ‌خاوەن دابەشکردن دێتە پێش چاو . عەبدوررەززاق بیمار وی پێ‌باش‌بوو (ئەرمینیان) یا (ئێرانی‌یان) بێ . مامۆستا مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی‌یش (حوسەینی‌یان)ی لا پەسەند بوو : ئەمەیش کاك فایز بە بۆچوونێکی تازەی خۆیەوە دوڵچەی خۆی داهێشت . بەڵێ ڕاستە لەوانەیە (ئەو شێخەکان) لەم‌شوێنەدا بە دوو وشەی بێ‌جێ بێنە پێش چاو ، بەلام بە ڕەچاوگرتنی پێوەندی لەگەڵ سێ نیوەدێڕی پاشەوەدا جێگا بۆ خۆشکردنی زۆر زەحمەت نابێو ، بە هەرحاڵ ئێمە ئێستا لە حاڵێکا کە کۆمەڵە نوسخەیەکی باوەڕپێ‌کراومان لە بەردەستا نی‌یە بتوانین تێکرای شیعری حاجی قادر ساغ‌کەینەوە ، نابێ خۆمان لەجیاتی ئەو بکەین بە خاوەن‌شیعر بەڵکو ، پێویستە هەوڵی دەسخستنی دەستنووسی‌تری کۆن بدەینو بیربکەینەوەو چاوەڕوان بین ، خۆ نانمان بە تەنوورەوە نەسووتاوە .

لەدواییشدا ئەوەیشتان لێ نەشارمەوە کە تێنەگەیشتم مەبەستی کاك فایز چی‌یە لەوە کە ئەڵێ : «چونکە وەسفەکەی حاجی لەگەڵ هەموو قۆناخەکانی دەروێشی ئەگونجێ» لەبەرئەوە کە ئەهلی تەصەوف - ئەگەر مەبەستی کاك فایز لە دەروێشی تەصەوف بێ - لە هەموو قۆناغەکانی بوونیانا وانەبوون کە حاجی لەو چەند بەیتەدا باسی هەندێ لە شێخان ئەکا . ئەهلی تەصەوف لە گەلێ لە قۆناغەکانی بوونو بیریانا ڕوویەکی گەشی ژیان بوونو لە زۆر ڕووەوە وەك ئەستێرە بە ئاسمانی بیری موسوڵمانی‌یەوە ئەدرەوشێنەوەو . جیاوازی‌یەکی زۆر لەنێوان سۆفی‌یە ڕاستەقینەکانو ئەو کەرتە شێخە عەوام هەڵفریوێنو دەسبڕانەدا هەیە کە سۆفی‌یەتی‌یان کردووە بە پرد بۆ گەیشتن بە مەبەستی نارەوای ڕووتاندنەوەی خەڵکی ساویلکەو ڕەش‌وڕووت .

لەبارەی بەیتی :

**ڕووتو پێ‌خاوس بە زەرگێكو مەتاڵ**
**باوکی بۆ دوو پوول دەردێنێ لە چاڵ**

(ب ٦ ، ل ٢٠٣)یشەوە ، نووسیویە : «بۆ سوارێ کێشیو بۆ پاراستنی شێوە ئاخاوتنی کۆیەی سەردەمی حاجی . واباشە (پوولی) بنووسرێ» .

منیش ئەڵێم : بۆچوونەکەی کاك فایز باشەو شێوە نوسینی کۆنی کوردی‌یش ڕێی ئەوەمان ئەدا .

لەبارەی بەیتی :

**گوڵشەنی پڕ میوەیی باغی مەعاد**
**وا لەژێــــری سایەیی تیغی جیهاد**

(ب ٩ ، ل ٢٠٣)یشەوە ، نووسیویە : «دەبوایە دواوشەی نیودێڕی یەکەم بەم‌جۆرە بنووسرابا : (میعاد) تا ببێتە هاوکێشی (جیهاد) . دیارە ڕێنووسی کۆنو ناوەڕۆکیش ڕێگەمان ، دەدەن» .

منیش ئەڵێم : یەکەم بەگوێرەی زانستی عەرووز مەرج نی‌یە دوو وشەی دوایی لە دوو نیوە دێڕی بەیتا لە سەروژێریشا وەك یەك بن . دووەمیش لەوانەیە کە (مەعاد)مان کرد بە (میعاد) ژێری میمەکە کە کردوومانە بە (ی) . بە (ی)ی درێژ بخوێنرێتەوە وەك لە (میعاد)ی بەمەعنا (مەوعید)داو هەم

سەنگیش‌و هەم مەعنایش تێك‌بچێ . ئەمەیش گشتی سەرەڕای ئەوە کە وشەکە (مەعاد)ەو ، خوا لە قورئانا ئەفەرموێ : «ان الذي فرض عليك القران لرادك الى معاد[١٢]» . وشەی (معاد) – کە (م)ەکەی ژێری بێ ، لە زمانی عەرەبیدا نی‌یە .

لەبارەی بەیتی :

**ئەو زەمانی بوونە ئاردی نێو دڕك**
**پارەیەك ناکا دوصەد جار بێتە ڕك**

(ب ١ ، ل ٢٠٧)یشەوە ، نووسیویە : «دەبێ (بێنە ڕك) بێ تا لەگەڵ (بوونە)ی نیودێڕی یەکەم لە کۆیێتی (الجمعية)دا بگونجێ» .

منیش ئەڵێم : مامۆستا مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی‌یش ڕای هەروەك ڕای کاك فایزەو منیش لە وەڵامدانە وەکەیا بۆم مۆر کردووە ، بەڵام ئێستا لام‌وایە هەموومان بەهەڵەچووین‌و ڕاستەکەی هەر (بێتە ڕك)ەو ، لە دەسنووسەکەی مەلا ڕەئووفیشدا (بێتە ڕەك)ە .

بەڵگەی ئەم بۆچوونەی ئێستایشم ئەوەیە ضەمیری موفرەدی غائیبی ناو فیعلی (بێتە) بۆ ئەو مەرجەعە ئەگەڕێتەوە کە ضەمیری موفرەدی غائیبی ناو فیعلی (دەیدا)ی بۆ ئەگەڕێتەوە لە ڕستەی (دەیدا بەشوو)ی بەیتی پێشوودا . لام‌وایە (ڕك)یش لێرەدا بەو مەعنایە نی‌یە کە مامۆستا مەلاجەمیل نووسیویە کە پەتێکی فرەئەڵقە بێ بۆ بەستنەوەی کارو بەرخی ساوا ، (ڕك)ی بەمەعنا (ڕق)ەو مەعنای تێکڕای بەیتەکە وای لێ‌دێتەوە : جاکە باوك‌و کچی بەشوودراو لێك جوێ‌بوونەوەو هەریەکە کەوتە لایەك‌و وەك ئاردی نێودڕکیان لێ‌هات کە کۆکردنەوەیان بۆ کەس هەڵنەسوورێ ، ئەوحەلە باوك سەد جاریش ڕقی هەستێ‌و لە کردەی خۆی لە بەشوودانی کچەکەیا پەشیمان بێ کەڵکی نی‌یەو پوولێ ناکا . ئەمە ئەمە . لەگەڵ ئەمەیشا پارچە شیعرەکە تێکڕا پڕە لە گیروگرفتی ئێستا لەچارەنەهاتوو ، بۆیە هەر ئەبێ چاوەڕوان بین تا نوسخەیەکی ڕاست‌و خاوێن لە کونێکەوە سەر هەڵ‌ئەدا .

لەبارەی بەیتی :

**شەهسەوارن ، پیادەیان ئازان**
**بەردی نیشان‌و کۆلکی مەیدان**

(ب ٥ ، ل ٢١١)یشەوە ، نووسیویە : «(کۆلکی مەیدان) لە بن‌پێی سواران پێ‌شێل ئەکرێ‌و ئەهاڕدرێ . لەوانەیە لە جێی خۆیا (کۆڵەگەی مەیدان) بووبێ» .

منیش ئەڵێم : لە دەسنووسەکەی مەلا ڕەئووفیشدا بەم‌جۆرە نووسراوە : (بردنیشیان وەکو لکی میدان) . من لەبەرئەوەی کە مەعنای نیوە بەیتەکەم بۆ ساغ‌نەبوەوە هیچ دەسکاری‌یەکی تێکستەکەی شارەزاو میرانم نەکرد . ئیستایش ئەمەی کاك فایز بۆی‌چووە بۆچوونێکی نوێ‌یە ئەیخەینە پاڵ بۆچوونەکانی‌تر تا بەیتەکە بەتەواوی ساغ ئەکرێتەوە .

لەبارەی بەیتی :

**لە کون‌و قوژبنی کەلاوەی دەهر**
**چەندی‌تر هەن میسالی گەنجی گوهەر**

(ب ٤ ، ل ٢٢٠)یشەوە ، نووسیویە : «بە بڕوای من تەگەرەی ناڕێکیی سەروای دوو نیودێڕەکە کە مامۆستا شارەزا لە (ساغ‌کردنەوەی هەندێ گیروگرفتی شیعرەکانی حاجی‌قادری کۆیی)دا پەنجەی بۆ ڕاکێشاوە ، لەئەنجامی بەهەڵە خوێندنەوەوە هاتووە . لەوانەیە نیودێڕی یەکەم بە ڕێنووسی کۆن بەم‌جۆرە نووسرابێ : (لە کن قزبن کلاوی دەهر) کە بە ڕێنووسی ئێستا ئاوا دەنووسرێ : (لە کون‌و قوژبنی کەلاوەی دیھ هەر) . دیارە (ھـ)ی (دیھ) لە ناچاریی نەبوونی نیشانەیْ (ێ)ی کراوەو ، ناڕێکیی نووسینی وشەی بە یەك پیت هاتووە . هەر لەبەر ئەو ناڕێکی‌یەیە کە زۆر جار دەبینین لە دەسنووسی کۆن لەجیاتیی (چ‌دەکەی)و (چ‌دەڵێی) نووسراوە (چە دەکەی ، چە دەڵێی) . کەواتە واباشە بەیتەکە بەم‌جۆرە بنووسرێتەوە :

لە کون‌و قوژبنی کەلاوەی دێ ، هەر
چەندی‌تر هەن میسالی گەنجی گوهەر .

واته : هەر لە کونو قوژبنی کەلاوەی دێ چەند شاعیری‌تر هەن میسالی گەنجی گوهەر ، هەرچەند لەم خوێندنەوە تازەیەشدا (تەعقیدی مەعنەوی)[١٣] هەیە ، بەلام چۆنی هەبێ لە نارێکیی سەروا باشترە ، چونکە نارێکیی سەروا سیفەتی شیعریەتی لێ دادەرنێ . ئەمەو ، (کونو قوژبنی کەلاوە) لەگەڵ (دێ) دەگونجێ نەك (دەهر)» .

منیش ئەڵێم : بەراستی ئەم بۆچوونەی کاك فایز بۆچوونێکی سەیرو سەمەرەیە . ئەو لەکاتێکا کە شێوە نووسینی بەیتەکە ئەباتەوە سەر شێوە نووسینی کۆنی فارسی‌و عەرەبی ، هەر بۆئەوەی رێ بۆ بۆچوونەکەی خۆی بکاتەوە ، ئەنووسێ لەوانەیە لەئەسلا بەم‌جۆرە بووبێ (له کن قزبن کلاوی ده هر)[١٤] ، وشەی (دهر)ی بە هەزار پشت عەرەبی بە شێوە نووسینی نوێی کوردی ئەنووسی‌و ئەیکا بە (دەهر) تا بتوانێ بڵێ لەئەسلا (ده ، هر) بووە واتە (دێ ، هەر) . ئەنجا ئەو لەکاتێکا کە قابیل نابێ (مەعاد)و (جیهاد) هاوسەنگ بن ، دێ (دێ ، هەر) مان لەگەڵ (گوهەر) بۆ بە هاوتای یەك دائەنێ . ئەکاتێکیشا کە گرێیەکی (هـ)ی (دەهر)ی بۆ قووت‌ناچێ‌و لە نارێکیی قافیە ئەکەوێتە هاوارو فوغان ، هەست بە قورسیی برگەیەکی زل‌و زەبەللاحی وەك ـ (دێ) ناکا کە ئەگەر هەر بەیەکجاری نەبێ ئەوکاتە نیوە بەیتەکە بەتەواوی رێك ئەبێ ! !

لەبەر هەموو ئەم هۆیانە ئەڵێم بۆچوونەکەی کاك فایز هیچ لەجێی خۆیا نی‌یەو ، نیوەبەیتەکە ئەگەر ئێستا چەردەیەك قورسیی تیابێ ، بەوپێی‌یە کە ئەو پێی‌باشە ـ بەتەواوی لەنگ ئەبێ . ئێمە ئێستا بە نیمچە بەزۆر لێوەوە کردنێکی (هـ)کەی (دەهر) نیوە بەیتەکە بەتەواوی دێنینە ژێر بار ، بەلام کە وامان‌لێ‌کرد کە کاك فایز پێشنیای ئەکا ،. خۆمان بەتەواوی ئەکەوینە ژێر باری‌و ئەخنکێین . ئەنجا (کەلاوەی دەهر) لەرووی مەعناوە چ‌ناپەسەندی‌یەکی تیایە ؟ (کەلاوەی دەهر) ئستیعارەیەکی زۆر وردو بالای تیایە لەکاتێکا کە (کەلاوەی دێ) قسەیەکی زۆر رەمەکی‌و بێ‌دیمەن‌و سادەو ناشاعیرانەیەو ، مەعنایەکی ئەوتۆیش نابەخشێ . ئەگینا شاعیر چی ئەکا لە کونو قوژبنی کەلاوەی دێدا ؟ مارە ، مشکە ، دوویشکە ، مێروولەیە ، چی‌یە ؟ کەلاوەی دێ کەی گەنج‌و گەوهەری لەژێردا بووە ؟ کەی لە هەندێ خەرەکە شکاوی بنیادەم‌و قشپلی ئاژەڵ‌و خوڵەکەوەی ئاگردانێ بەولاوەی تیا دۆزراوەتەوە ؟ هەرچی (کەلاوەی دەهر)ە بەمەعنای گۆشەو کەناری گەردوون‌و مێژوو تەعبیرێکی زۆر جوان‌و هونەرمەندانەیەو ، لەسەر بنەمای شوبهاندنی گەردوون لەکۆنێدا بە کۆنە شارەکانی وەك نینەواو ئەکباتان‌و بێستوون‌و بابل‌و ئوورو حەزەر دامەزراوە کە ئەوەندە دێرینە بێ بووبێ بە کەلاوەی پڕ لە کونو قوژبن . لە هەموو ئەمەیش بەولاوە ئەگەر (کەلاوەی دێ ، هەر) بێ ، ئەبێ ئەو (هەر)ە لەم شوێنەدا ، مەلایان واتەنی ، مەحەللی چی بێ لە ئیعرابا ؟ خۆزگە کاك فایز ، بێ‌زەحمەت ، لە وتارێکی‌تردا بۆی رۆشن ئەکردینەوە .

لەبارەی بەیتی :

**شیعریان جوانە ، بەس نی‌یە کوردن**
**گـــەرچی بەدناون‌و گەلێ وردن**

(ب ٧ ، ل ٢٢٠)یشەوە ، نووسیویە : «ئەم واوەی نێوان (بەدناون)و (گەلێ)ی نیودێری دووەم هەڵەیە ، چونکە (گەر) پێویستی بە وەلام هەیە . جا ئەگەر واوەکە هەڵە نەبێ ، دەبێ بە (فیدایان دەکەم)ی بەیتی دوای وەلامی (گەر) بێ . ئەمەش مەبەستی حاجی نی‌یە ، چونکە حاجی دەیەوێ بڵێ : گەرچی ئەم سێ شاعیرە ناویان ناشیرین‌و سەیرە ، بەلام بیریان وردو مووقەڵێشە» .

منیش ئەڵێم : وانی‌یە ، چونکە نیوەی دووەمی ئەم بەیتە بە هیچ کلۆجێ بۆ شەرت‌و جەزا دەس‌ناداو ، (گەرچی)یش پێویستی بە وەلام نی‌یە ، بەمەعنای (هەرچەند)ی کوردی ، یا (وان)ی غانی‌یەی عەرەبی‌یەو ، مەبەستیش لە (ورد) بێ‌بایەخیی کۆمەلایەتی‌یە ، وەك بەناوی شاعیرەکان خۆیشیانا دەرئەکەوێ کە ئەم بەیتە باسیان ئەکاو لە بەیتی پێشوودا ناویان هێنراوە :

(مەلکەقۆڕ)و (حیاری)و (کیسەشکەل)
قـــس من اسمائهم ولانسأل)

خۆ ئەگەر هەر بیشڵێین (گەرچی) ئەداتی شەرتە بەمەعنای (ان الشرطیة)ی عەرەبی ، ئەڵێین شەرتەکە کەوتووەتە دواوەو وەڵامی شەرتەکە لە نیوەبەیتی پێشوودایەو ، زۆرجار وائەبێ وەڵامی شەرت ئەکەوێتە پێش ئەدات و فیعلی شەرتەوە .

لەبارەی بەیتی :

**(سلام الله منی کل یوم)**
**لە ئەصحابانی صاحێب غیرەت و دین**

(ب ١ ، ل ٢٣٠)یشەوە ، نووسیویە : «وا باش بوو تەنوینی سەر (م)ی (یوم) بە ڕێنووسی کوردی بنووسرابایە (یوم)(ین) ، چونکە زوربەی زۆری خوێندەواری کورد ، بگرە عەرەبیش ، فێری خوێندنەوەی تەنوین نین و پێی ڕانەهاتوون و ، لەوانەیە بڕیاری نارەواو ناتەواوی بەیتەکەو سەرەوای بدەن».

منیش ئەڵێم : ئەوە پەسەند نی یەو ڕاست ئەوەیە یا هەموو ڕستە عەرەبی یەکە بە شێوە نووسینی کوردی بنووسرێ ، یا هەمووی بە عەرەبی بنووسرێ و خوێندەواری کوردیش تێکرا عەرەبی ئەزانێ . ئێمە تێکرا لە دیوانی حاجی قادرا وامان پێ باش بووە ڕستەی عەرەبی هەر بە عەرەبی بنووسین .

لەبارەی بەیتی :

**یا لەگەڵ فارســـی چ فەرقی هەیە**
**بۆچی ئەو ڕاستە ، بۆچی ئەم کەچەیە ؟**

(ب ١ ، ل ٢٤١)یشەوە ، نووسیویە : «دیارە چاپی تازە بەنیازی چارکردنی کێشەی نارێکی سەرەوای بەیتەکە لەجیاتی (کەمی یە)ی چاپی سێیەم (کەچەیە)ی داناوە . ئەم گۆڕینە ئەگەرچی دەربازی کردووین لە کێشەی نارێکی سەروا ، بەڵام ، وەك هەستی پێ دەکەم ، تووشی کێشەیەکی قووڵتری کردووین کە کێشەی ناوەڕۆك و ڕێزمانەو لێ دەربازبوونی زەحمەتە ، چونکە (کەچەیە)ی چاپی تازە ئەگەر بەمانای (کەچە) واتە (شتی کۆن و خراپ و بی کەلك) بێ ، ئەوا لەبارەی ڕێزمانەوە تەواوە ، بەس لەبارەی ماناوە نارێکە ، چونکە (کەچەیە)ی بەومانایە بەرانبەرەکەی (باشە)و (چاکە)یە نەك (ڕاستە) . ئەگەر بەمانای (کەچ) واتە (خوار ، لار)یش بێ ئەوا لەبارەی ناوەڕۆکەوە تەواوە ، بەڵام لەگەڵ (کوردواتەنی)یەوە ناگونجێ و دەبێ بگوترێ : (بۆچی ئەو ڕاستە ، بۆچی ئەم کەچە) . ئەمەو ، دیارنەکردنی تێکستی پشت پێ بەستراو نیشانەی پرسیاری دوای (کەچەیە) تۆختر دەکا . جا بۆ چارکردنی کێشەکە من وای بە باش دەزانم ڕستەی دووەمی نیودێڕی دووەمی چاپی (گ . ك) کە بە ڕێنووسی کۆنی کوردی بەم جۆرە دەنووسرێ : (بوچ ام کمیە) ئاوا بخوێندرێتەوە : بۆچ ئەم گەمەیە) . دیارە ئەم خوێندنەوەیەش بۆ کێش و سەرەوای بەیتەکە باشەو ، لە دەقە چاپکراوەکانی پێش چاپی تازەش دوور ناکەوێتەوە . لەبارەی ماناو ناوەڕۆکیشەوە (گەمە — گاڵتە ، فشە) بەرانبەر (ڕاست)ی بەمانای (موجید — الجد)ە .

منیش ئەڵێم : لێکدانەوەکەی کاك فایز بەجێ یەو ، لە دەسنووسی مەلا ڕەئووفیشدا (گمەیە) نووسراوەو بە نوسخەیش نووسراوە (کچەیە) کە ئەبێ بە (کەچەیە) . کەواتە نیوەبەیتەکە بەم جۆرە ڕاست ئەکەینەوە : (بۆچی ئەو ڕاستە ، بۆچی ئەم گەمەیە) . بوونی وشەی (کمیە — کەمی یە) یش لە هەندێ نوسخەدا نیشانەی ڕاستیی دەسنووسەکەی مەلا ڕەئووف و بۆچوونەکەی کاك فایزە ، چونکە نە (کەمی یە)و نە (کەمە) بۆ ئەم شوێنەو لە بەرانبەر (ڕاستە)دا دەست نادا . لە شێوە نووسینی کۆنیشدا زۆر جار (گ) بە (ك) نووسراوە . کەواتە (کمیە)ی کۆن (گمیە)یە کە بە شێوە نووسینی نوێ ئەبێ بە (گەمەیە) . مەبەستیش لەم (گەمە)یە بەرپەرچدانەوەی بۆچوونێکی کۆنەپەرستانەی هەندێ کەسە کە بەکوردی نووسینیان لە بەرانبەر بە فارسی و تورکی و عەرەبی نووسینی کۆندا بە گاڵتەی منداڵان دائەنا . من خۆیشم لە سەرەتای فەقێ یەتیا تووشی کەسانی وا بووم بەوچەشنەیان بیرئەکردەوە .

لەبارەی بەیتی :

**لە بەرپێـــم درکو دارو شاخو باری**
**وەکوو مەخمەر بوو نەرمی ، یا نە قاری**

(ب ٤ ، ل ٢٤٦)یشەوە ، نووسیویە : «لە پەراوێزدا نووسراوە» : (ئەم قالی)یە بۆ هاوسەنگی بە شێوەی کۆیە (قاری) دەخوێنرێتەوە . دەبوایە ئەم (قاری)یەی شێوەی کۆیە بخرابایە نێو دەق بەیتەکە ، چونکە هەموکەس ماندووبوونی خوێندنەوەی پەراوێزان ناداتە بەر خۆیو لەوانەیە بڕیاری لاوازیی سەرەوای بەیتەکە بدەن . ئەمەو ، لە شێوەی ئاخاوتنی کۆیەی سەردەمی حاجی بەدوور نازانم کە (باری)ی دوا وشەی نیو دێری یەکەم لەجێی خۆی بە مەبەستی (یاری - یالی ، یالّ) نووسرابێو ، لەئەنجامی بچووکیی نوقتەی (ی)کە بەهەڵە بە (باری) خوێندرابێتەوە . جا ئەگەر ئەوەمان لێ بسەلمێندرێ ، نیودێری یەکەم بەمجۆرە دەنووسین : (لە بەرپێم درکو داری شاخو یاری)» .

منیش ئەڵێم : بەشبەحاڵی بەشی یەکەمی بۆچوونەکەی کاك فایز منیش هەر لاموایەو کاتی خۆیشی ویستم بە (قاری)ی بنووسمەوە بەتایبەتی کە (درکو دار)یش هەر (درکو دالّ)ەکەی دیالێکتی سولەیمانی‌یەو (شاخو باری)یەکەیش یا (شاخو بالّی)یە یا (شاخو یالّی) ، بەلام سەلامەتبێ کاك کەریم شارەزا ڕێگای نەدامو هەر وای هێشتەوە . بەشبەحاڵی بۆچوونی دووەمیشی ، لە دەسنووسەکەی مەلا ڕەئووفیشا ، وەك ئەو بۆیچووە ، (یاری) نووسراوە کە لە دیالێکتی سولەیمانیدا ئەبێ بە (یالّی) ، بەلام ئەوەی ناچاری توزێ ڕامانمان ئەکا ئەوەیە (شاخو بالّ) پێکەوە لە ئیدیۆمدا بەکاردێ ، بەلام (شاخو یالّ) نەبیستراوە ، چونکە ئەوەی شاخی بێ یالّی نی‌یەو ئەوەی یالّی بێ شاخی نی‌یە .

لەبارەی ڕوونکردنەوەی شوێنی ئەو ناوانەیشەوە کە لە چەند بەیتێکی پارچە شیعری (لە جوملەی ماجەرای دووریی ویلایەت)دا هاتوون لە لاپەڕە ٢٤٦ی دیوانەکەدا ، منیش سوپاسی هەردوولا کاك فایزو کاك موحەممەدی مەلا ئیسماعیلی ئینەبێ ئەکەمو دەستی ئامین بۆ دوعاکەی کاك فایز هەڵئەبڕم . هەرچەند دڵنیایشم لەوە کە هێنانەدیی دوعای دوعاکەران بەدەست خەڵکەکە خۆیانەو مرازیان هەر بەخۆیان جێبەجێ ئەبێ .

لەبارەی بەیتی :

**لەمەوپێش شەممەیەك عەرزی ئەتۆم کرد**
**بلاوە فیکرو . عەقلم وەسوەسەی کرد**

(ب ٥ ، ل ٢٤٧)یشەوە ، نووسیویە : «ئەم بەیتە لە چاپی سێیەم بەمجۆرە چاپکراوە :

لەمەوپێش شیقەقەیێکم عەرزی تۆ کرد
بلاوە فیکرو عەقلم وەسوەسەی کرد

وابزانم ئەم دەقە مەلایانەترو ، هەروا کوردی‌یەکەشی لە (شەممەك عەرزی ئەتۆم کرد) ڕەوانترە» .

منیش ئەڵێم : ئەبوو کاك فایز ڕوونی بکردایەتەوە چۆن (شیقەقەیێکم عەرزی تۆکرد) لە (شەممەیەك عەرزی ئەتۆم کرد) مەلایانەترە ، لەکاتێکا کە خۆی ئەو ڕاستی‌یە دەرئەبڕێ کە (لە حوجرەدا باو بوو کە سوئالێك دەکرا ئەگەر باش وەلامی نەدابایەوە پێی‌دەگوترا : شەممەت لێ نەکرد ، یان : شەممەیێکت لێ نەکرد ، واتە : بۆنێکت‌کرد ، کەمێکت لێ زانی (لەراستیدا واتە : هیچ بۆنت لێ نەکرد ، کەمێکیشت لێ نەزانی - م) ؟ تۆبڵێی تەعبیری مەلایانە لە دەرەوەی حوجرەی مەلاو فەقێ‌یان باوتر بووبێ تا لە حوجرە ؟ هەروەها ئەبوو بۆی باس بکردینایە چۆن (کوردی‌یەکەشی ڕەوانترە) لەکاتێکا کە نە ئەزانین (شیقەقەیێك) مەعنای چی‌یەو نە کاك فایزیش بۆی ڕوونکردووینەتەوە ! ئەوەیش بڵێم کە لە دەسنووسەکەی مەلا ڕەئووفیشدا هەر بەوجۆرەیە کە لە دیوانەکەدا نووسراوە .

لەبارەی بەیتی :

**لە لام ظیللی هومایە چەتری سەنبەر**
**چجابێ سێبەری سەروو سنەوبەر**

(ب ٣ ، ل ٢٥١)یشەوە ، نووسیویە : «ئەوەی لە زمانی ئەدەبیی سەردەمی حاجی بەسەر زارانەوە بووە (چەتری چەنبەر – چەمبەر)ە . نازانم (سەنبەر) لە چیو چۆن هاتووە ؟ چەنبەر : فەلەك» .

پێشەکی با ئەوە لە کاك فایز بپرسم لە چ بەڵگەو دەستاوێژێکەوە بۆی دەرکەوتووە تەعبیری (چەتری چەنبەر چەمبەر) لە زمانی ئەدەبیی سەردەمی حاجییەوە بەسەر زارانەوە بووە ؟ قسەیوا لە ولاتێکا ئەکرێ کە ساڵەهای ساڵ بێ موختەبەری دەنگی تیابێو قسەو پەندو ئیدیۆمو هەموو کەلەپوورێکی زمانەوانیی گەل ساڵبەساڵ نووسرابێتەوەو هەڵگیرابێو هەر تاوێك بمانەوێ بگەڕێینەوە سەریو بزانین چەند ساڵ لەمەپێش چ جۆرە تەعبیرێ لە هەر مەیدانێکا لەناو خەڵکا باو بووە . ئەم قسەیەی کاك فایز ئەیکا قسەیەك نییە لە کوردستانێکی سەدان ساڵ لە جیهان پاشکەوتوودا بکرێ ، مەگەر مرۆ مەبەستی نەبێ ئەوەی ئەیڵێ ڕاستەو لە مەیدانی ئیسپاتکردندا خۆی ئەگرێ یا نە .

ئەنجا دێمە سەر بابەتەکەو ئەڵێم : منیش ، وەك کاك فایز ، نازانم (سەنبەر) چییەو ، لە فەرهەنگیشا نەمدۆزیەوە . بەڵام بە نیشانەی شوێنی بەکارهێنانیا ، (چەتری سەنبەر) ئەگەر هەڵە نەبێ ، ئەبێ ناوی شوێنێ بێ لە ناوچەی کۆیەی نیشتمانی حاجیو زۆریش خۆش نەبێ .

لە تێکستە ئامادەکراوەکەی شارەزاو میراندا (چەرخی سەنبەر) نووسرابوو . منیش ، هەرچەند لە دەسنووسەکەی مەلا ڕەئووفدا (چەرخی سەنجەر) نووسرابوو ، لەبەرئەوەی مەعنای هیچکام لە دوو تێکستەکەم بۆ ساغ نەبووەوە ، دەسکاریی تێکستەکەی شارەزاو میرانم نەکردو وەك خۆی هێشتمەوە . هەرچی (چەتری چەنبەر)ە ، ئەوە بەلای منەوە ڕاست نییە ، چونکە (چەنبەر) هەرچەند بەمەعنای ئاسمان نییە ، وەك کاك فایز نووسیویە ، بەمەعنای (دائیرە)یە ، ئەگەر بەمەعنای ئاسمانیش بێ بۆ ئەم شوێنە دەسنادا ، چونکە چەتری ئاسمان واتە سایەی ئاسمان بەسەر خەڵکەوەو ، شتێکی ناخۆشی تایبەتی کۆیە نییە تا حاجی قادر لە خۆشیی کۆیەوە لە سێبەری هومای لا پێ باشتر بێ کە لە ئەفسانەی میللیدا ئەڵێ بەسەر هەرکەسێکەوە سێبەر بکا ئەبێ بە پادشا . ئاسمانیش هەرگیز نە مایەی شوومی بووەو نە کینایە بووە لە شوێنێکی ناخۆش . لە ئیدیۆمی کوردیدا هەیە ئەڵێن : فلانکەس چەرخی فلانەکەسی بە چەمەر گێرا . . واتە : شایی لێکرد بە شین ، واتە کۆری ئەڵقەبەستووی بەزمو ڕابواردنو خۆشیی لێکرد بە کۆری شینو شەپۆرو سنگکوتان . دووریشە حاجی قادر ویستبێتی بڵێ ئەڵقەی شینو زاریم هەر بەمەرجێ لە کۆیە بێ لا بە یومنو فەرترە لە سێبەری هوما بەسەر سەرمەوە .

لەبەر هەموو ئەمە ئەبێ بەهیوای ڕاستکردنەوەی ئەم بەیتەیش هەر چاوەڕوان بین .

**زەمانە تووشی دەردو غوربەتی کرد**
**غەمی کۆیێ پەرێشان هیمەتی کرد**

(ب ٦ ، ل ٢٥٣)یشەوە ، نووسیویە : (پەریشانی هەمووی کرد) لەوانەیە لە ئەوەڵەوە (پەریشانی هەمی کرد) بووبێو بەهەڵە خوێندرابێتەوە . . ئەمەو ، لەبارەی کێشو سەروایشەوە (هەمی کرد) باشترە» .

منیش ئەڵێم : مامۆستا مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی بە (پەرێشان هیممەتی کرد)ی ڕاستکردووەتەوەو[١٥] منیش پشتگیریم لە بۆچوونەکەی کردووەو لێکمداوەتەوە چۆن لە (هیممەتی)یەوە بووە بە (هەمووی)[١٦] ، ئیستایش هەر لاموایە بۆچوونەکەی مامۆستا ڕاستو بەجێیە .

لەبارەی بەیتی

**شەریعەت گەر بزانی یا نەزانی**
**وەکوو کەر دەچنە بن باری گرانی**

(ب ٧ ، ل ٢٥٨)یشەوە ، نووسیویە : «(نەزانی) بەمانای (نەزانی)یە ، واتە : (ی)کە ڕاناوی شەخسی سێیەمە . بۆ ڕێکیی سەروا نیشانەی (ﯨ)ی (ی)ی کراوە لادراوەو ، بە شێوەی زاری کۆیەی سەردەمی حاجی نووسراوە : ئەمەش

کارێکی ڕەواو پەسەندە ، بەڵام دەبوایە ئەم کارە لە سەرتاسەری وشەکە کرابایەو (نزانی) نووسرابایە ، چونکە پەیڕەوی‌کردنی شێوەی کۆیێ لە بەشێکی وشەو گوێ‌پێ‌نەدانی لە بەشەکەی‌دی ، دەکەوێتە بەر (اتباع الرخص)[17] کە کارێکی ناجایزە . ئەمەو ، ئیقاعی (نزانی) ڕێك‌و خۆشترو گونجاوترە لەگەڵ (بزانی)ی پێش خۆی‌و (گرانی)ی سەرەوای نێو دێڕی دووەم» .

منیش ئەڵێم : هەرچەند ئەم داوایەی کاك فایز داوایەکی لەرووی (شەرع)و مەنتیقەوە بەجێ‌یە ، بەجێ‌هێنانی کارێکی ئاسان نی‌یە ، چونکە ئەبێ بەچیدا دڵنیا بین کە حاجی هەموو وشەیەکی شیعرەکانی بەگوێرەی دیالێکتی ناوخۆیی کۆیە بەکارهێناوە ؟ ئەنجا ئەبێ ئەوەیش بزانین کە لەو سەردەمەوە تائێستا چ‌گۆڕانێ بەسەر دیالێکتی ناوخۆی ناوچەی کۆیەدا هاتووە .

لەبارەی بەیتی :

## سێ قەبیلە حەقیرو (بێ‌ڕومەتن)
## کوردو ڕۆم‌و یەهوودی گومراهن

(ب ٢ ، ل ٢٦٤)یشەوە ، نووسیویە : «مامۆستا محمدی مەلا کریم لە پەراوێزدا نووسیویە : ڕستەی نێو دوو کەوانەکەمان بۆ ساغ نەکرایەوە . ئەگەر ڕێنووس‌کراوی نێو دوو کەوانەکە تەواو بێ (؟) لەوانەیە (بێ‌ڕوومەتن – بەی‌ڕوومەتن) بووبێ ، واتە : ڕەنگ‌زەردن . ڕوومەت : کولمە ، ڕوو» .

منیش ئەڵێم : ئەگەرو مەگەری پێ‌ناوێ . دیارە هەڵەیەو ، تەنانەت منیش کە کاتی خۆی خستمە ناو دیوانەکە ئەمزانی هەڵەیە ، تەنها بۆئەوەم نووسی‌یەوە لە بەرچاوا بێ بۆ ساغکردنەوە لە دواڕۆژا ، چونکە هەرچۆن بێ تێکستی هەڵە جۆرە پێوەندێکی هەر هەیە بە تێکستی ڕاستەوە .

ئەگینا هەمووکەسێ ئەزانێ (بێ‌ڕوومەتن)و (گومراهن) بەرانبەر بە یەك ناکرێن بە دوا وشەی بەیتە شیعرو ، لەوەیش زیاتر (بێ‌ڕوومەتن) هیچ مەعنایەك نادا بەدەستەوە لەم شوێنەدا .

ئەمە ئەمەو ، سوپاسی زۆریش بۆ کاك فایز کە بە وتارەکەی شێوەی گفتوگۆو موناقەشەی سەردەمی حوجرەو فەقێ‌یەتی بۆ چەند سەعاتێك بۆ زیندوو کردمەوە بەڵام لە بەرگێکی تازە بابەتدا .

**پەراوێزەکان :**

(١) – دیوانی حاجی قادری کۆیی . لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی کەریم مستەفا شارەزاو سەردار حەمید میران ، پێداچوونەوەی مسعود محمد . بەغدا . ١٩٨٦ . چاپخانەی (دار افاق عربیة) ، لە بلاوکراوەکانی ئەمینداریێ گشتیی ڕۆشنبیری‌و لاوانی ناوچەی کوردستان .

(٢) – عبدالرزاق بیمار . ساغکردنەوەی دیوانی حاجی‌قادری کۆیی . گۆڤاری بەیان . ژمارە ١٢٠ ، حوزەیرانی ١٩٨٦ .

(٣) – محەمەد جەمیل ڕۆژبیانی . سەرنجێکی سەرپێ‌یی دیوانەکەی حاجی‌قادرو ڕەخنەکان ، گۆڤاری بەیان . ژمارە ١٢٣ . ئەیلوولی ١٩٨٦ .

(٤) – فائیزی مەلا بەکر . دیوانی حاجی قادری کۆیی‌و چەند سەرنجێك . گۆڤاری کاروان . ژمارە ٤٧ ، ئابی ١٩٨٦ .

(٥) – أ . لە وەڵامی وتارەکەی عەبدوڕڕەززاق بیماردا . بڕوانەرە : محمدی مەلا کریم . بە ڕێگای ڕاستکردنەوەی شیعرەکانی حاجی قادری کۆیدا ئەمەیش هەنگاوێکی‌تر . گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق – دەستەی کورد . ژمارە ١٥ . ١٩٨٦ .

ب – لە وەڵامی وتارەکەی مامۆستا مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانیدا . بڕوانەرە : محمدی مەلاکریم . پێداچوونەوەیەکی بەکاوەخۆی سەرنجە سەرپێ‌یی‌یەکانی مامۆستا مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی لە دیوانی حاجی قادری کۆیی‌و ڕەخنەکانی عەبدوڕڕەززاق بیمار . گۆڤاری بەیان . ژمارە ١٢٦ ، کانوونی یەکەمی ١٩٨٦ . ژمارە ١٢٧ . کانوونی دووەمی ١٩٨٧ .

(٦) – ئەم (لە)یە لە نووسینەکەی کاك فایزدا نەبوو . بەڵام پێویست بوو . بۆیە نووسیم .

(٧) ئەم (لە)یەیش لە نووسینەکەی کاك فایزدا نەبوو . بەڵام پێویست بوو . بۆیە نووسیم . لەمە بەولاوە هەڵەم بۆ ڕاست‌نەکردووەتەوە . بەڵام تێکڕا دەسکاریی شێوە نووسینم کردووە .

(٨) – مەبەستی کاك فایز لە وتارێکی کەریم شارەزایە بەو ناوونیشانە لە ژمارە ١١ی ساڵی ١٩٨٤ی گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق – دەستەی کورد . ل ٢٠٣ ٢٦٣دا . بلاوکراوەتەوە .

(٩) – بگەڕێرەوە سەر پەراوێزی سێهەم .

(١٠) – بگەڕێرەوە سەر پەراوێزی پێنجەم (ب) .

(١١) – القران الکریم . سورة الفرقان . الایة ٤٧ .

(١٢) – القران الکریم ، سورة القصص . الایة ٨٥ .

(١٣) – تەعقیدی مەعنەوی لە زانستی ڕەوانبێژیی عەرەبیدا . کە دیارە بۆ زمانی‌تریش هەروا دەست‌ئەدا ، بریتی‌یە لە بەرودواپێ‌خستنی وشەکانی ڕستە بەجۆرێ کە ببێ بە هۆی ئاڵۆزبوونی تێگەیشتنی مەعناو نیشانەیەکیش دیار نەبێ بۆ ڕوونکردنەوەی ڕووی ڕاستی ڕستە .

(١٤) – ڕاستەکەی ، لە شێوەنووسینی کۆندا (ژ) ناکرێ بە (ز) .

(١٥) – بگەڕێرەوە سەر پەراوێزی سێهەم .

(١٦) – بگەڕێرەوە سەر پەراوێزی پێنجەم (ب) .

(١٧) – (اتباع الرخص) لە ئوسووڵی فیقهدا بەوە ئەڵێن مرۆ لەنێوان دوو بۆچوونی موجتەهیدا ، لە هەر مەسەلەیەکا ، هەمیشە شوێنی ئاسان‌ترەکەیان بکەوێ . ئەمە لەبەر ناچاری نەبێ دروست نی‌یە .